# دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری کۆیە (١٨٥٠-١٩١٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی بەڵگەنامەییە

**زانا طیفور عبدالصمد[١]، جمال فتح اللّه طیب[٢]**

[١،٢] بەشی مێژو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە بارودۆخی سەربازیی شاری کۆیە دەکات، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەدوای نەمانی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان، شاری کۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بێگومان دوای ئەوەی عوسمانییەکان لە شارەکەدا جێگیر بوون، هەوڵیان دا پێگەی دەسەڵاتیان لەم شارەدا بەهێز بکەن، بۆیە چەند تیپێکی سەربازییان تێدا جێگیر کرد، بەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان بەسەر بارودۆخی گشتیی شارەکەدا هەبووە، لە ڕووی سیاسیەوە وا دەردەکەوێت ئەم شارە لە دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بابانەکان، ئەو پێگە گرنگەی پێشووتری نەما، هەروەها هەریەك لەو هێزە سەربازیانەی بۆ شارەکە هاتبوون، خۆیان بە پارێزەری شارەکە دادەنا و دەستیان دەخستە نێو کاروبارەکەی، لە کاتێکدا ئەو شارە بۆ پاراستنی پێویستی بەو هەموو هێزە نەبوو، ئەوان تەنیا وەك بارگرانییەك بوون لەسەر شارەکە، بوونی ئەم هێزانە وایکرد، شارەکە لەڕووی سەربازییەوە بۆ عوسمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ناوچەکەدا بگێڕێت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هەوڵی عوسمانییەکان بۆ سەپاندنی سەقامگیریی سەربازی و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی و مەترسیە ناوخۆییەکان. لە ڕاستیدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی قەبارەی هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری کۆیە و پاشان دەرخستنی هۆکاری هێنانی ئەو هەموو هێزە و ئینجا کاریگەریان لەسەر بارودۆخی شار و ئەو ڕۆڵەی گێڕایان لە هاوسەنگیی هێز لە شارەکەو لە دەوروبەریدا. تێگەیشتن لەم بارودۆخە سەربازییە ئاسان نەبوو، ئەگەر لە توێژینەوەکەدا ڕاستەوخۆ نەچووباینەوە سەر بەڵگەنامە عوسمانییەکان و بەتایبەتی بە دواداچوونی ساڵنامەکانی عوسمانی کە بەوردی ڕوداوەکانیان تۆمار کردووە؛ هەر لە هاتنی سوپاکان و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردرا بوو و چۆنیەتی ڕۆڵگێڕانیان لە شاری کۆیە.

**وشە سەرەکییەکان:** دەسەڵاتی سەربازی، دەوڵەتی عوسمانی، شاری کۆیە، هێزی نیزامی، هێزی نانیزامی

## ١. پێشەکی

لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لە ناوچەکانی باشوری کوردستان، شاری کۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، لەڕوی کارگێڕییەوە کرا بە قەزا و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سیاسی و کارگێڕی و سەربازیدا کرا، دوای جێگربونیان، عوسمانییەکان هەوڵیاندا لەڕوی پێگەی سەربازییەوە شارەکە بەهێز بکەن، چونکە ئەو شارە بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی زۆر گرنگبووە، سەرە ڕێگای نێوان سنورەکانیان بوو لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری، هاوکات ژمارەیەك خێڵی ناوچەکانی دەوروبەری لەڕوی سیاسی و سەربازییەوە سەر بەو شارە بون، بۆیە هەمیشە وەك شوێنێکی ستراتیژی تەماشا کراوە، وەك دەردەکەوێت کۆیە لە ڕوی هێنان و گواستنەوەی هێزی سەربازی پەیوەست بووە بە سەنجەقی کەرکوك و ویلایەتی موسڵ، لەم بارەیەوە چەند هێزێکی سەربازییان لێ جێگیر کردووە، بونی ئەو هێزە زۆرە لەم شارەدا گەڕاوەتەوە بۆ مەترسی عوسمانییەکان لەناوچەکە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم شارە وەك بنکەیەکی سەربازی بووە و هەمیشە لەوێوە ئاڵوگۆڕیان بە سوپاکانیان کردووە و سەربازیان ڕەوانەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کردووە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٣ حوزەیران ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٢ تەمووز ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٢ کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: zana.taifor@koyauniversity.org، jamal.fathulla@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ هەوار جوهر حەوێز، سەفین جەلال فەتحوڵا،
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

## گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بۆ یەکەمین جارە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە تیشك دەخرێتە سەر لایەنی سەربازیی ئەو شارە کە پشت دەبەستێت بە ژمارەیەك بەڵگەنامەی نهێنیی ئەرشیفی عوسمانی و داتا و زانیاریی نوێ، کە بە شێوەیەکی بابەتییانە زانیارییەکان دەخاتە ڕو.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ نیشاندانی بارودۆخی سەربازیی شاری کۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتاییی جەنگی یەکەمی جیهانی، پاشان دەرخستنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو بارودۆخە سەربازییەی کە عوسمانییەکان لە شارەکەدا پەیڕەویان کردووە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بە ڕەچاوکردنی بواری زانستیی بابەتەکە و گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی مێژوویی و ڕێبازی مێژوویی شیکارییانە پەیڕەو کراوە، لە ڕێگەی تێڕامان و وردبونەوە لە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی و سەرچاوە مێژووییەکان، دید و تێڕوانینی خۆشمان خستۆتە سەر.

## گرفتەکانی بەردەم توێژنەوەکە:

یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە هاتە بەردەممان بەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامانە بو، کە تێچوی داراییی زۆری ویست، پاشان وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانە یەکێکی تر بو لە کێشەکانمان، سەرەڕای تێچووە داراییەکەی بەهۆی ئەوەی ئەو بەڵگەنامانە لە کۆندا بەهەر سێ زمانی تورکی وعەرەبی و فارسی نوسراوە، ئەوەش پێویستی بەکەسێکی شارەزای ئەو بوارەیە تا شیکردنەوەیان بۆ بکات، پاشان یەکێکی تر لەو ئاڵەنگارییانەی ئەوەیە، کە لە بەر ڕێنمایی و مەرجەکانی گۆڤارەکە نەمانتوانیووە، هەموو بەڵگەنامەکان لە لیستی پاشکۆ دابنێین، بەهۆی زۆربونی ژمارەی لاپەرەکان، هەرچەندە هەموو بەڵگەنامەکانمان بە وێنە لەلایە.

## سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە:

سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم بەڵگەنامە و ساڵنامەکانی ئەرشیفی عوسمانین، پاشان سود لە هەندێك سەرچاوەی بەڵگەنامەیی وەرگیراوە، بۆ گونجاندنی زانیارییەکان، هەروەها سود لە هەندێ سەرچاوەی دیکەی شارەکە بینراوە، کە لە نزیکەوە شارەزای ڕوداوەکانی شارەکە بون و لە ڕێگەی سەرنج و تێبینییەکانیانەوە هەندێك لایەنی نادیاری شارەکەیان خستۆتە ڕو.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەروازەو سێ تەوەری سەرەکی و پوختە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە پێکهاتووە، لە دەروازە: باس لە هاتنی سوپای عوسمانی بۆ یەکەمینجار بۆشاری کۆیە دەکرێت، لە تەوەری یەکەمدا:باس لەو هێزە سەربازییانە دەکرێت کە عوسمانییەکان لە شاری کۆیە جێگرییان کردبون. لە تەوەری دووەمدا:پیشاندانی بارودۆخی سەربازی ناوچەکانی دەوروپشتی شاری کۆیە و خستنەڕوی هەندێك زانیاری بە شێوەی خشتەیی. لە تەوەری سێیەمدا: باس لە دەزگای پۆلیس و بونی گەورەترین گرتوخانەی عوسمانی لە شاری کۆیە دەکرێت کە لەو ماوەیەدا عوسمانییەکان لە شارەکەدا دروستیان کردبو.

## دەروازە: هاتنی سوپای عوسمانی بۆ شاری کۆیە: -

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەنجامی جێبەجێکردنی سیستەمی (ناوەند- سەنتراڵیزم)، ڕۆڵی سیاسی و سەربازی میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کۆتاییی پێهات و سەردەمێکی نوێ هاتە کایەوە کە تیایدا کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە، سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان تەنیا خۆی لە هێنانی فەرمانبەری بێگانە بەسەر ناوچە کوردییەکان نەبینیەوە، بەڵکو واتای لەڕیشە دەرهێنانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد بوو، چونکە زۆر لە میر و سەرۆکە کوردییەکان لە کوردستان دورخرانەوە و بۆ تاراوگە نێردران، ئەمەش بەمانای بێبەشکردنی کورد بوو لە کایەی سیاسی (ئەسکەندەر،٢٠٠٤، ٢٩٠؛ حاجی، ٢٠١١، ١٩/ ١٧٨)، بە شێوەیەگی گشتی کوردستانی بندەستی عوسمانی لە سەردەمی چاکسازیەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم( ١٨٠٩-١٨٣٩) و عەبدولحمیدی یەکەم(١٨٣٨-١٨٦١) ، لەڕوی سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینیووە، بەڵکو دەوڵەت ئەو ناوچانەی وەك سەرچاوەی بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو و سەرمایەی مرۆیی تەماشا کردووە، لەپێناو هێنانەدی مەبەستەکانیدا هەمو هەنگاوێگی گرتۆتە بەر(عەبدوڵلا، ٢٠٢١، ٤٥٤-٤٥٦)، هەرچۆنێك بێت شاری کۆیەش وەك ناوچەکانی دیکەی باشوری کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لەڕوی کارگێڕییەوە لە "لیوا یاخود سەنجەق"ەوە بو بە قەزایەکی سەر بە سەنجەقی کەرکوك و ویلایەتی موسڵ، تا کۆتاییی جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی بەریتانیاییەکان بۆ شارەکە لە ژێر دەستی عوسمانییەکاندا بو (احمد، ٢٠١٩: ١٨/ ٩٠).

بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عوسمانییەوە، یاسای سەربازی بە شێوەی ئارەزومەندانە بووە، خەڵکی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی لەبەرانبەر دەستکەوتنی موچە، یاخود ئیمتیازات بەشداریان لە سوپادا کردووە، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ئەرکی سەربازی بو بە زۆرەملێ، چونکە بارودۆخی ئەوکاتەی دەوڵەت لەڕوی سیاسی و سەربازییەوە خراپ بو، بۆیە هەوڵیان دا پەیڕەوی ئەم سیستمە بکەن، هەرچەندە زۆرجار داوا لە خەڵکی ناوچەکان کراوە کە بەشداری سوپا بکەن بە بیانوی پاراستنی ئایینی ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام بەشێك لە خەڵکی ناوچەکە گوێیان بەو داواکارییە نەداوە، هەروەها لەوکاتەدا دەتوانرا بەشداری سوپا نەکرێت، لەبری ئەوە بڕێك پارە یاخود

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

چەند سەر ئاژەڵێك بدرێت، جگە لەوەش هەندێ کات دەتوانرا یەکێك لە بری یەکێکی تر ببێت بە سەرباز (الارحیم،١٩٧٥ ، ٥٥؛ العباسی، ٢٠٠٥ ، ٩٣)، وا دیارە یاسای سەربازیی زۆرەملێ " التجنید" لە سەرەتادا لە ساڵی ١٨٣٥دا لە ویلایەتی موسڵ سەریهەڵداوە، دواتر مەئموری تورك و (هەیتە)[١] لە نێو گوند و ناوچەکانی کوردستاندا دەگەڕان بە مەبەستی گرتنی خەڵك و کردنیان بە سەرباز، هەربۆیە خەڵکی شار و لادێیەکان بەم کارە ئۆقرەیان لێ هەڵگیرابو، جگە لەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، هەندێ کات عوسمانییەکان پەیڕەوی سیستەمی" تیروپشك و لەجێدانان"یان لە ناو عەشیرەتەکانیش بەکار دەهێنا (الدملوجی، ١٩٩٩، ٧٢-٧٣).
ئەوەی جێگەی باسە دەوڵەتی عوسمانی بایەخی زۆری بە سوپا داوە، بۆئەمەش خزمەتی سەربازی لەسەر تەواوی موسڵمانانی ژێردەسەڵاتی کردە زۆرەملێ، بۆ ئەوانەی موسڵمانیش نەبوون، لە بری خزمەتی سەربازی پارەی پێشەکییان داوە، بەڵام بەهۆی چاکسازییەکانی (خەتی شەریفی گوڵخانە)وە ١٨٣٩، ئەو یاسایە گۆڕانی بەسەردا هات و یاسای سەربازیی زۆرەملێ لەسەر تەواوی کەمینە ئایینەکانی ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی جێبەجێکرا (زەیدی،٢٠١٥، ٢٥٩-٢٦١).
لەلایەکی ترەوە یەکێك لەو والییانەی موسڵ کە ناوی موحەمەد پاشا ئینجە بەیرەقدار (١٨٤٣-١٨٤٩) بو، بایەخی زۆری بە سوپا داوە، هەربۆیە خزمەتی سەربازی لەسەر تەواوی موسڵمانانی ناوچەکە کردە زۆرملێ، بەڵام دواتر بەهۆی چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ئەو یاسایە گۆڕانی بەسەردا هات و یاسای سەربازیی زۆرە ملێ لەسەر تەواوی نەتەوە و ئایینەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی سەپێنرا، بۆ ئەم مەبەستەش سوپای عوسمانی بەسەر حەوت ناوچەدا دابەش کراوە، هەر ناوچەیەکیش فیرقەیەکی سەربازیی نیزامیی بۆ دانراوە، لەم نێوەندەشدا فەیلەقی سوپای شەشەمی عوسمانی لە ویلایەتی بەغدا جێگیر کرا و دەزگای پۆلیسیش بۆ شارەکان دانران، هەندێ بەشی سەربازیی جیاوازیشیان دامەزراند وەك: (پیادە، سوارە و تۆپخانە)، دواتر هەوڵیان دا دەسەڵاتی سەربازی و شار لێك جیا بکەنەوە (عەبدوڵڵا،٢٠٢١ ، ١٩٠، ٤٥٢-٤٥٣).
سەبارەت بە چۆنیەتی هاتنی سوپای عوسمانی بۆ شاری کۆیە و دەست بەسەر داگرتنی، ئەو ڕووداوە بۆسەردەمی دوا میری بابان ( ئەحمەد پاشا )(١٨٣٨-١٨٤٧ ) دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی (١٢٦٢ك-١٨٤٥ز)دا دەوڵەتی عوسمانی لەژێر فەرماندەیی (نەجیب پاشا)دا (١٨٤٢-١٨٤٩) بەخۆی و (٥٠٠) سەربازەوە بەرەو شاری کۆیە هاتوون، وا دیارە سوپای عوسمانی لەو کاتەدا لە بەشی باشوری شارەکەدا لە ناوچەیەك بەناوی (گردی ڕیزەتووان) خێوەتی هەڵداوە، لەبەری دامێنی باشوری شارەکەش ئەحمەد پاشا خێمەی هەڵدابوو، کە نزیکەی (٤) چوار هەزار سەربازی لەگەڵ خۆیدا هێنابو، (١٠) هەزار کەسیش لە خەڵکی گوندەکان و هۆزەکانی ناوچەکە بۆ پشتگیری هاتبونە شارەکە، بۆیە کاتێك نەجیب پاشا ئەو هێزە زۆرەی ئەحمەد پاشا دەبینێت، لە هاتنی پەشیمان دەبێتەوە و بەنهێنی بەدوای (شێخ عوسمان)ی تەوێڵەدا دەنێرێت، کە لە ماڵی (حاجی ئەسعەد) لە شارەکە میوان دەبێت و پێی دەڵێت: " بڕۆ بۆ لای ئەحمەد پاشا و پێی بڵێ با ڕێکەوتنێکی ئاشتی مۆر بکەین(١) ، پاش ئەوەی شێخ عوسمان ڕۆیشتووە بۆ لای ئەحمەد پاشا و پەیامی نەجیب پاشای پێداوە، بەڵام ئەو میرەی بابان هیچ گوێی بۆ قسەکانی نەگرتووە و پێی وتووە جەنابی شێخ باوەڕم بە قسەکانی نەجیب پاشا نییە، چونکە زۆر لەمێژ نییە بە قسەی فرتوفێڵ و سوێندی درۆ میری ڕەواندزیان لەناوبرد، دەیانەوێت منیش ئەوهام بەسەر بێت، بۆیە ئەو پەیامەم بە نەجیب پاشا بڵێ، گەر ئەو کەوڵی سمۆرەی سەر شانم ماچ بکات، ئەوا من گوندی قۆریتانی لە شاری کۆیە پێ دەبەخشم.
دواتر شێخ گەڕاوەتەوە بۆ لای نەجیب پاشا و قسەکانی هەموو بۆ گێڕاوەتەوە، بەڵام زۆری نەخایاندووە، پاش پێنج ڕۆژ مانەوەی سوپای عوسمانی، لە شەوێك لە شەوەکانی وەرزی هاویندا، سوپای ئەحمەد پاشای بابان خیانەتی تێکەوتووە و پەرش و بڵاو بووەتەوە و بەشێك لە سوپاکەی شارەکەیان چۆڵ کردووە، دواجار بەناچاری ئەحمەد پاشای بابان شاری کۆیەی جێهێشتووە" (جەلی زادە،٢٠٠٩، ٣٠-٣٢ ؛ ئەمین،١٩٩٨، ٢٩٢-٢٩٨ )، بۆ ڕۆژی دواتر نەجیب پاشا چووەتە ناو شارەکەوە، بۆ یەکەمجار بو لەدوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسیی میرە کوردەکان، سەرکردەیەکی عوسمانی بێتە ناوچەکە و لە ساڵی(١٨٤٧ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی دوامیری بابان بهێنێت (حەوێزی، ١٩٦٢، ١٠٣/١).
ئەوەی شایەنی باسکردنە شاری کۆیە لەدوای نەمانی دەسەڵاتی بابانەکان، لەڕوی سیاسی وسەربازییەوە ئەو پێگە گرنگەی پێشوی لەسەردەمی میرنشینەکاندا هەیبو نەما، ئەمەش بۆ ئەو ڕێکخستنە کارگێڕییە گەڕاوەتەوە کە ڕاستەوخۆ عوسمانییەکان سەپاندبویان بەسەر ناوچەکەدا (رؤوف،٢٠٢١، ٥٠٠)، سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان لە کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٨٥٠-١٩١٨)یە ، کە سەردەمێکە، تێیدا ناوچە کوردیەکان سیمای دواکەوتوییان پێوە دیارە، ئامانجی سەرەکیی کاربەدەستانی عوسمانیش ڕوتاندنەوە و کۆکردنەوەی باج بووە، ناوچە دورە دەستەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئیستەنبوڵی پایتەختەوە دور بوون، پشتگوێ خرابون و دانیشتوانەکەی زیاتر پەیوەست بون بە سەرۆك خێڵەکانەوە، هەر هۆزێك لە ناوچەکەی خۆیدا دەسەڵاتی هەبووە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەمو هەوڵێکیان دەدا بۆ زیادکردنی باج، هەروەها بەزۆر خواردن و پێداویستیان بۆ سوپاکەیان لە خەڵك دەسەند، یاسای بەسەربازیکردنی زۆرەملێ زیاتر بۆ خەڵکی کورد بووە (شوانی، ٢٠٠٢، ٢٤-٢٨).
دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای درووستبونیەوە لەسەر بنەمایەکی سەربازی دامەزراوە، کە زیاتر لەسەر بنەمای شەڕکردن و جیهاد ڕێڕەوی خۆی بڕیوە، هەرئەمەش وایکردووە لایەنی سەربازی بەسەر لایەنەکانی سیاسی و کارگێڕیدا زاڵ بێت، ئەم سیستەمە سەربازییەی عوسمانی زیاتر پشتی بەستبو بەو کەسانەی کە لە جەنگەکان بەدیل دەگیران و دواتر لە سەرای سوڵتان پەروەردە و ڕاهێنانی سەربازییان پێ دەکرا و دواتریش پێگەی باڵای دەوڵەتیان پێ دەدرا (زەیدی،٢٠١٥، ١١١)، بۆیە سوپا بە یەکێك لە سیما دیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی دانراوە و زیاتر لەژێر فەرمان و چاودێری وردی سوڵەتانەکان بووە، ئەوانیش

ڕاستەوخۆ بایەخیان پێدەدا، ئەم سیستەمە لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتەوە بە شێوەیەكی تۆكمە دامەزرابو، بۆیە بەهێزترین و لەپێشترین دەزگاكانی دەوڵەتەكە بو، (عەبدوڵلا،٢٠٢١، ١٩٠).

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە، هەندێك لە والییەكانی عوسمانی پرۆژەی (تیرویشك- قورعة)یان بۆ بواری سەربازی داناوە، بۆ ئەم مەبەستە تاهیر حەوێزی ئاماژەی بەوە كردووە:" لە سەردەمی عوسمانییەكاندا لە شاری كۆیە كاتێك تەمەنی كەسێك بگەیشتایەتە هەژدە ساڵ، دەبووایە موختاری شار یاخود گوندەكەی لەگەڵ خۆی ببردایە، بۆ هەر گەڕەكێك یاخود گوندێك كاغەزێكی بچوكیان دەهێنا و لە دیوێك ناوی كەسەكەیان دەنوسی و دیوەكەی تریشیان ڕەش دەكرد و دەیانخستە ناو زەرفێكەوە، پاشان دەبرایە بەڕێوەبەرایەتیی (تۆماركردن - ناونوسین)، لەوێدا موختار یاخود كەسەكە كاغەزەكەی دەردەهێنا و ئەگەر دیوە ڕەشەكەی بۆ دەرچووبایە، پێی دەوترا ( قافیان كرد) دەكرایە سەرباز ئەگەر دیوە سپیەكەش بووایە نەدەبووە سەربازو ڕێگەی پێ دەدرا بڕۆشتایەتەوە ماڵەوە، هەروەها كاتێك ئەو كەسەی كە دیوە ڕەشەكەی بۆ دەردەچو، بەتایبەتی دەوڵەمەندەكان نەدەڕۆشتنە خزمەتی سەربازی و كەسێكی تریان بە پارە دەگرت و لە شوێنی خۆیانیان دادەنا، بەڵام ئەو كەسە بە چاوێكی سوك لەلایەن خەڵكی ناوچەكەوە تەماشا دەكرا، جگە لەوەش ئەو كەسەكەی قورعە ڕەشەكەی بۆ دەردەچوو، تا دەیاننارده سەربازی دەبوایە زیندانی بكرایە، یاخود كەسێكی بە كەفیل لە بری دادەنرا "(حەوێزی،١٩٨٤ ، ٢/ ١٠٨-١٠٩).

بەگوێرەی چاكسازییەكانی دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٨٧٩دا دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەتایبەتی فەرماندەكانی گشتی سوپا دەستیان كرد بە دوبارە دارشتنەوەی سوپا، لەو دابەشكارییەدا فەرماندەی فیرقەی (٣٥ )ی سەربازی بۆ ویلایەتی موسڵ و فیرقەی سەربازی (٣٦) بۆ سەنجەقی كەركوك دانراوە، پاشان جۆرەكانی سوپای عوسمانی بەو شێوە دابەشكرا، هێزی (پیادە- المشاة) و (ڕەدیف- الاحتیاط)[٢] و (سوارە -الخیالة) و (تۆپچی- المدفعیة)، بەڵام بەهۆی بوونی ئاژاوەی بەردەوامی هۆزەكانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، سوپای شەشی هۆمایۆنی هەوڵیدا ئاستی سەربازی لە ویلایەت و سەنجەق و قەزاكان بەرز بكاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەستیكرد بە لادانی هەندێ لە فەرماندەكانی سوپا و دامەزراندنی فەرمانبەری نوێ لە ویلایەتەكانی بەغدا و موسڵ، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٠٨دا یەكەم قوتابخانەی سەربازی بەناوی (ڕوشدیە) كرایەوە، دواتر نەخۆشخانەی سەربازی دامەزرا و كارگەی بچوكی چەك دروستكرا و فیرقەی پیادەی (٢٣)ی كەركوك دابەشی دو لیوا كرا و بۆ هەر لیوایەك بەشێك دانرا بەناوی ( ئاڵای-الای)[٣] لەو نێوەندەشدا شاری كۆیە ئاڵای (٩٢)ی لێ جێگیر كرا (العباسی، ٢٠٠٥ ، ٩٢-٩٣)، وا دیارە لەوكاتەدا قەزای كۆیە بە هۆی نزیكی لە سنوری ئێرانەوە، لەڕوی سەربازییەوە بە شوێنێكی ستراتیژی هەژمار كراوە، هەر بەم هۆیەشەوە لەم شارەدا یەك تا دو تابوری سەربازی شاهانەیان داناوە، وەك هێزی پاڵپشت لەگەڵ پۆلیسدا كاریان پاراستنی شارەكە بووە، سەرەڕای ئەوەی عوسمانییەكان لە شاری كۆیە هەمیشە ئاڵوگۆڕیان بە سوپاكانیان دەكرد و لەوێوە سەربازیان ڕەوانەی ناوچەكانی تری كوردستان كرد، جگە لەوەی لەو شارەدا بەردەوام پێكدادانی هۆزەكان هەبووە، بۆیە هەندێك كات لەلای ئەوان شارەكە بە ناوچەیەكی ئاژاوەگێر ناوزەند كراوە، بۆ پێشگرتن لەو ئاژاوانە، هەندێ كات لیوای (٤٠)ی سوپای كەركوكیشیان لێ جێگیر كردووە (ڕەحمان، ٢٠١٨ ، ٦/ ١٣٤؛ جەنگی،٢٠١٩ ، ١/ ٢٨٠-٢٨٢). لە ڕاستیدا سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر كۆی گشتی ئەو ناوچانەدا خراپ بو، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستیە دابنێین كە هۆزە كوردیەكانیش هۆكاری سەرەكی بون لە بڵاوبونەوەی ئاژاوەو دەستدرێژی.

## تەوەری یەكەم: سوپای نیزامی و نانیزامی لە شاری كۆیە:-

وا دیارە شاری كۆیە لەڕوی سەربازییەوە ڕۆڵێكی گرنگی لە ناوچەكەدا گێڕاوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی سەقامگیركردنی دەسەڵاتی عوسمانی و بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەی دەرەكی و مەترسییە ناوخۆییەكان، هەروەها لەم شارەدا چەند هێزێكی سەربازی نیشتەجێ كرابون، ئەوانیش بریتیبون لە تیپی ( سەربازیی نیزامی)[٤] و تیپی (سەربازیی نا نیزامی- هەیتە)[٥] ، بەگوێرەی یەكێك لە ساڵنامەكانی ویلایەتی موسڵ دەردەكەوێت كە تابوری دووەم و چوارەمی ئاڵای (٤٨)ی نیزامی و تابوری یەكەمی ئاڵای (٤٨)ی[٦]پیادە لە كۆیە نیشتەجێ كراون (ساڵنامەی موسل،١٣١٠ ، ١٩٨-١٩٩)، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی لەشكری ڕەدیفی (١٠٢)[٨]یشی لە شارەكەدا دانابو، ئەویش بریتیبون لە تابوری سێیەم و چوارەم (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ،١٣١٢، ٣٢٦-٣٢٨).

لە ڕاستیدا شارەكە لەڕوی سەربازییەوە بۆ عوسمانییەكان گرنگبووە، بە بەڵگەی بونی شوێنەوارێكی سەربازی بەناوی (قشڵە- اچ قەلعة)[٩] كە قەڵایەكی ناوخۆییە و لەسەر بەرزاییەكی شارەكەدایە، ئەم قەڵایە پتەو و بەهێزە و لەوكاتەدا دەزگای حوكمڕانی و سەربازی لێ جێگیر كراوە و وەكو شوێنێكی بەرگریكردن بووە، بێگومان سەرا گەورەكەی كۆیەشی لەلایەن خەڵكی ناوچەكەوە پێ وتراوە (حەوێزی، ١٩٦٢ ، ١/ ١٣١-١٣٢؛ برادۆستی ٢٠٠٧ ، ١/ ٢٦-٢٧)، ئەوەتا بەگوێرەی بەڵگەنامەیەكی وێنەیی كە نەخشەی ئەو قەڵایەی شاری لەسەر دروستكراوە، ئاماژە بەوە كراوە " قشڵە فیرقەی (١٢)ی پیادەی لێ نیشتەجێ كراوە، پاشان لە ڕۆژی ١٥ی كانونی دووەمی ساڵی ١٨٨٢دا هەوڵی نۆژەنكردنەوەی دراوە، بەڵام نەتوانراوە لەو ساڵەدا جێبەجێ بكرێت و لەڕوی ئاوەدانكردنەوە و نۆژەنكردنەوەوە بایەخێكی ئەوتۆیان بە شوێنە كۆنەكان نەداوە (Osmanlı Arşivi Daire Başkanlığı,Tarih yok,159,159)، لەلایەكی ترەوە لیوای چواری سوپای كەركوكیش لە قەزاكانی (هەولێر و كۆیە) نیشتەجێ كراون، ئەمەش بەهۆی بونی ئاووهەوای لەبار و خۆشی ناوچەكەوە (جەنگی، ٢٠١٩،١/ ٢٨١). ئەوەی لێرەدا گرنگە قشڵەی كۆیە لەوسەردەمەدا وەكو ناوەندێكی پاراستنی ئاسایش و پێگەیەكی هەژمونی عوسمانی لە ناوچەكە تەماشا كراوە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، پێکهاتەی سەربازانی ناو قەزای کۆیە هەر وەك لەو خشتەیەی خوارەوە لە سنوری ویلایەتی شارەزور خراوەتە ڕو، لەبارەی چۆنێتیی ماوەی دەوامکردن و موچەی مانگانەیان، وەك لەو خشتەیەی خوارەوەدا دەرکەوتووە، بەشێك لە سەربازانی پیادە کە تایبەت بون بە پاراستن و کاروباری قەزاکە کە لەژێر فەرماندەیی (یوزباشی زەینەڵ)دا بون، لە دەستپێکی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٢٧٥ك/ ١٨٦٠ز)دا تا کۆتایی مانگەکە بۆ ماوەی یەك مانگ، بە ئاگاداریی ئەنجومەنی ناوچەیی ڕۆیشتن و هاتنیان تۆمار کراوە، موچەی ئەو کەسانە گەیشتۆتە (٢٤٣٠) قوروش، بۆ پێداچونەوە بە تۆمارەکانیان ئەو دەفتەرە ڕەوانەی دارایی ویلایەتی شارەزور کراوە، وەك لەو خشتەیەی خوارەوەدا ڕونمان کردۆتەوە (B.O.A,1275,ML.MSF.d.14986_0002) .

خشتەی (١)

خشتەی موچەو و ناوی سەربازان و ئەفسەرانی پیادەی ناو قەزای کۆیە

| یوزباشی (زەینەڵ خضر کوڕی جومعە) ، مووچە٢٤٠ قوروش | | | |
|---|---|---|---|
| ئەحمەد کوڕی حەسەن کەرکوکی<br>٤٥ قوروش | ڕەشید کوڕی محەمەد کەرکوکی<br>٤٥ قوروش | حەسەن کوڕی عەبدولڕەحمانی خەڵکی گوندی خەرابە<br>٤٥ قوروش | کەریم کوڕی ڕەسول کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| حەویز کوڕی ڕەسوڵ کۆیە<br>٤٥ قوروش | قادر کوڕی عەبدولڕەحمان کۆیە<br>٤٥ قوروش | مەچچعروف کوڕی عوسمان کۆیە<br>٤٥ قوروش | ئەحمەد کوڕی خضر<br>٢٨ ڕۆژ<br>٤٢ قوروش |
| محەمەد کوڕی ئەحمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش | عەمرو کوڕی عەبدوڵلا<br>٢٨ ڕۆژ<br>٤٢ قوروش | مەحمود کوڕی شێخە کۆیە<br>٤٥ قوروش | دەروێش کوڕی ئەمین کەرکوکی<br>٤٥ قوروش |
| ئەمین کوڕی میکائیل کۆیە<br>٤٥ قوروش | محەمەد کوڕی مەنسوڕ کۆیە<br>٤٥ قوروش | خەلیل کوڕی ساڵح سیواسی<br>٤٥ قوروش | شکور کوڕی ئەحمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| محەمەد کوڕی ڕەحیم کۆیە<br>٤٥ قوروش | ئیبراهیم کوڕی قادر کۆیە<br>٤٥ قوروش | محەمەد کوڕی ئەحمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش | ئیبراهیم کوڕی غەفور کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| ئەحمەد کوڕی عەبدوڵلا کۆیە<br>٤٥ قوروش | عەبدوڵلا  کوڕی جلال کۆیە<br>٤٥ قوروش | ئەحمەد کوڕی محەمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش | ئەحمەد کوڕی مەولود کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| ئەحمەد کوڕی عەزیز کۆیە<br>٤٥ قوروش | عەبدوڵلا کوڕی عومەر کۆیە<br>٤٥ قوروش | محەمەد کوڕی مەعروف کۆیە<br>٤٥ قوروش | زۆراب کوڕی خەسرۆ کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| عومەر کوڕی وسو کۆیە<br>٤٥ قوروش | قادر کوڕی عەزیز کۆیە<br>٤٥ قوروش | ئەحمەد کوڕی محەمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش | حوسێن کوڕی محەمەد خەڵکی گوندی کانی بی |
| سەلیم کوڕی محەمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش | محەمەد کوڕی وەلی کۆیە<br>٤٥ قوروش | مستەفا کوڕی محەمەد کۆیە<br>٤٥ قوروش | عەبدوڵلا کوڕی محمود کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| موبارەك کوڕی عەبدوڵلا کۆیە<br>٤٥ قوروش | سەفەر کوڕی محمد کۆیە<br>٤٥ قوروش | محمد کوڕی مستەفا خەڵکی گوندی یاخیانی<br>٤٥ قوروش | حەسەن کوڕی حوسێن کەرکوکی<br>٤٥ قوروش |
| حەسەن کوڕی لطف الله<br>کەرکوکی<br>٤٥ قوروش | محەمەد کوڕی عەلی<br>٢٨ ڕۆژ<br>٤٢ قوروش | سلێمان کوڕی محەمەد ژاژڵەیی<br>٤٥ قوروش | فەتاح کوڕی حەسەن<br>٢٨ ڕۆژ<br>٤٢ قوروش |
| محەمەد کوڕی وەلی کەرکوکی<br>٤٥ قوروش | زەینەڵ کوڕی حەسەن کەرکوکی<br>٤٥ قوروش | ئیبراهیم کوڕی حەسەن<br>تۆپ قەرەمەقلی<br>٢٨ ڕۆژ<br>٤٥ قوروش | مستەفا کوڕی ڕەجەب کۆیە<br>٤٥ قوروش |
| ژمارەی سەباز | شێوازی دابەش  کردنی مووچەی مانگانە | بارودۆخی سەبازان و پابەندبوونیان بە دەوام کردنەوە | |
| ١ | ٢٤٠ | مووچەی یوزباشی ناوبراو | |
| ٤٤ | ١٩٨٠ | مووچەی تەواوی کەسەکان | |
| ٥ | ٢١٠ | مووچەی لێبراوی کەسەکان | |
| ٥٠ | ٢٤٣٠ | | |

ئەگەر بمانەوێت  قسە لەسەر ئەو خشتەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین بەشێك لە سەربازەکان خەڵکی دەرەوەی شاری کۆیە بون، هەروەها مووچەی مانگانەی هەموو سەربازەکان وەك یەك بووە، تەنیا بەرپرس - یوزباشی (زەینەڵ خضر کوڕی جومعە)، موچەی مانگانەی (٢٤٠) قوروش بووە، کەواتە بەگوێرەی ئەو

بەڵگەنامەیە، هەمو سەربازەکان لەڕوی پلەی سەربازییەوە وەك یەك بون، بۆیە ڕەچاوی پلەی سەربازییان نەکراوە، بە پێچەوانەوە لە نێوانیاندا ڕەچاوی بارودۆخی دەوامکردن کراوە، هەوڵیان داوە ئەو کەسانەی کە پابەندی دەوامکردن نابن، لە ڕێگەی موچەی مانگانەیانەوە سزایان بدەن.

هەروەها لە خشتەی بەڵگەنامەیەکی تردا، باس لە جۆرێکی تری سەربازانی سوارە کراوە، کە بەرپرس بون لە پاراستنی کاروباری ناو قەزای کۆیەی ویلایەتی شارەزور، لەژێر فەرمانی یوزباشی (عەبدوڵلا)دا بون، ژمارەی سەربازەکان (٧٠) سەرباز بووە، بە (یوزباشی عەبدوڵلا کوڕی ئیسماعیل کەرکوکی) دەست پێ دەکات کە موچەکەی ٧٠ قوروشە، بە (محەمەد ئەمین کۆیی) کۆتایی دێت کە ئەویش موچەکەی ٧٠ قورشە، بۆ ئەم مەبەستە، کاتێك دەوامیان کردووە، لە سەرەتای مانگەوە، تاوەکو کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ( ١٢٧٦ك/ ١٨٦١ز)، لەماوەی یەك مانگی تەواودا، لەلایەن ئەنجومەنی ناوچەییەوە، لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر نەهاتوان کراوە، وەك لەو خشتەیی خوارەوەدا ڕون کراوەتەوە، کۆی موچەی مانگانەی ئەو کەسانە ( ٤٨٧٠ ) قوروش بووە، دواتر بۆ خەرجکردنی بڕی پارەکە، ناوەکانیان بۆ لێکۆڵینەوەی دەفتەری تۆماری دارایی ویلایەتی شارەزور نێردراوە، بەو شێوەیە خشتەکە ڕون کراوەتەوە، لە پاشکۆکانیش ناوەکان خراوەتە ڕو. (BOA,1276K,ML__MSF__d__15472__00075).

خشتەی (٢)

خشتەی پابەند بوونی سەربازانی عوسمانی بە دەوامکردنیان کۆی گشتی حیساباتەکەش بەمشێوەیە بووە

| ژمارەی سەرباز | شێوازی دابەشکردنی موچەی مانگانە | بارودۆخی سەربازان و پابەندبوونیان بە دەوام |
|---|---|---|
| ٦٥ | ٤٥٥٠ | موچەی تەواو |
| ٥ | ٣٢٠ | موچەی لێبڕاو (بەهۆی نەهاتووان) |
| ٧٠ | ٤٨٧٠ | |

سەبارەت بە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شاری کۆیە، لەلایەك بۆ عوسمانیەکان گرنگ بووە و لایەکی تریش مایەی ترس بووە، بە هۆی بونی ژمارەیەك هۆز لە ناوچەکەدا، ئەوەتا لەم بارەیەوە یەکێك لە بەڵگەنامەکان ئاماژە بۆئەوە دەکات" زۆرداریە خۆجێییەکانی شاری کۆیە وایکردووە، کە دەوڵەتی عوسمانی تابوری (٤٢)ی سەربازی لە شارەکەدا جێگیر بکات، بە مەبەستی ڕێگرتن و کەمکردنەوەی کێشەکان لە شارەکەدا (B.O.A,1322,BEO.002949__221108__001)، لەلایەکی ترەوە لە ساڵی (١٣١١ك/١٨٩٥ز)دا بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری ویلایەتی موسڵ، وا دیارە ئاسایشی هەندێك لە قەزاکانی باشوری کوردستان بەیەکەوە بەندە، ئەوەی خستۆتەڕو کە قەزاکانی ( سەلاحیە(کفری) ، هەولێر، ڕەواندز، کۆیە و ڕانیە) بۆ سەقامگیری بارودۆخی ئاسایش و ئارامیی قەزای سلێمانی گرنگن، چونکە لەو ناوچانەدا بەردەوام پێکدادانی هۆزەکان هەبووە (B.O.A,1311,DH.SFR.00175__00078__001).

لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە بواری سەقامگیریی ئاسایشی ناوخۆدا، هەمیشە سودیان لە توانا سەربازییەکانی قەزای کۆیە بینیوە، کاتێك ویلایەتی موسڵ و دەوروبەری لە ساڵی (١٣٢٣ك/ ١٩٠٥ز) کەوتۆتە بەر مەترسی هێزەکانی ئێرانی، داوای یارمەتیان لە تابوری نیزامی قەزاکانی ( کۆیە و ڕەواندز) کردووە(جەنگی، ١، ٢٠١٩/ ٢٩٣)، هەندێکجاریش سوپاکانی شاری کۆیە لەگەڵ ئالای سوارەی موسڵ ڕێکدەخران و بەشداریان لە شەڕەکاندا کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کەشاری کۆیە هەندێ کات ڕۆڵی یارمەتیدەری بینیووە، بە پێچەوانەشەوە کاتێك لە ساڵی (١٣٢٠ك/ ١٩٠٣ز)دا کێشە لەنێوان هۆزەکانی دەوروپشتی شاری کۆیەدا ڕویداوە، (موحسین پاشا)ی فەرماندەی تیپی سەربازی (١٢)ی کەرکوك، (٣٨٠) سەربازی سوارە و یەك تابوری لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هۆزەکان و پاش کشانەوەی هۆزەکان و شەڕنەکردنیان، کەچی موحسین پاشا بە پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتی عوسمانی، بڕی (٤٠٠٠٠) هەزار قوروشی لە بریکاری قایمقامی قەزای کۆیە وەرگرتووە ( ڕەحمان،٢٠١٨ ، ٦/ ١٨١، ١٨٧)، سەرەڕای ئەوەی عوسمانییەکان ئەو هەموو سەربازەیان لەو شارەدا نیشتەجێ کردووە، کەچی بایەخێکی ئەوتۆیان بە دابینکردنی پێداویستییەکانیان نەداوە، ا بەپێی بەڵگەنامەیەك کە لە ساڵی (١٣٢١ك/ ١٩٠٣ز)دا دەرچووە، ئاماژە بەوە کراوە "لەڕوی پێداویستی سەربازی و خواردنەوە ژیانی سەربازەکانی لیوای (٤٠)ی کۆیە زۆر خراپ بووە و بەهۆی نەبونی ئیدارەیەکی باش ناچار بون چەکەکانیان دابنێن و واز لە سەربازی بهێنن، بۆیە داوا کراوە بە زوترین کات پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت" (B.O.A,1321,BEO.002079__155895__002)، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سوپای عوسمانی لەڕوی سەربازی و ئابورییەوە لە ناوچەکەدا بێهێز بێت، بە بەڵگەی ئەوەی یەکێك لە ئاغاکانی شارەکە بەناوی (ڕەسوڵ ئاغا) و (یەحیا ئەفەندی کوڕی) هەوڵیان داوە جلوبەرگی سەربازی بۆ هەندێك لە سوپای شاهانەی موسڵ دابین بکەن، لە پای ئەوە دواتر نیشانەی مەجیدیان پێ بەخشراوە (B.O.A,1313,DH.MKT.00391__00022__001). ئەمەش ئەوە ڕاستیە دەردەخات، کاتێك کە حکومەتی عوسمانی نەتوانیووە جلوبەرگی سەربازەکانی دابین بکات، چۆن دەتوانێت لەڕوی سەربازییەوە ئەوەندە بەهێز بێت کە پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی بکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەربازانی عوسمانی لە شاری کۆیە، زۆربەی کات ڕێزی خەڵکی ناوچەکەیان نەگرتووە و بگرە بەردەوام ڕەفتاری توندیان بەرانبەر خەڵکی ناوچەکە نواندووە، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك کە لە ڕۆژی (٨ی ڕەبیعی کۆتاییی ساڵی ١٣٢١ك/ بەرانبەر ٤ی تەموزی ١٩٠٣ز)دا دەرچووە، کاتێك ژمارەیەك سەربازی عوسمانی بە سەرۆکایەتی هەریەکە لە ( عەبدوڵلا بەگ و عەبدولرەحمان

بەگ ) بۆ وەرگرتنی باج و داهات ڕو دەكەنە ناحیەی بالیسانی سەر بە قەزای كۆیە، وا دیارە لەوكاتەدا ئەو هێزە سەربازییە كارئاسانییان بۆ خەڵكی ناوچەكە نەكردووە و بگرە لەگەڵیاندا بەشەڕ هاتون و لە ئەنجامدا كەسێك كوژراوە و دو كەسی تریش بریندار بوون، یەك ئاژەڵی ئێستریش لەناوچووە، ئەمەش بۆتە هۆی تورەبونی كاربەدەستانی سەربازیی سەنجەقی كەركوكی ویلایەتی موسڵ، لە ئەنجامدا نوسراوێك بۆ فەرماندەی موسڵ (موحسین پاشا) كراوە، داوایان كردووە پەلە بكرێت لە ڕادەستكردنی ئەو كەسانەی ئەو كارەیان كردووە، پاشان مەفرەزەیەكی سەربازی لەگەڵ ئەفسەرانی خۆجێیی ناوچەكەدا چونەتە شوێنی ڕوداوەكە (ڕەحمان،٢٠٢١ ، ١٧٣/١٢).

بەهۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی سەربازیی دەوڵەتی عوسمانییەوە، لە ڕۆژی(٢ی زولحجەی ساڵی ١٣٢٣ك/ بەرانبەر ٢٨ی كانونی دووەمی ١٩٠٦ز)دا لەلایەن فەرماندەیی سوپای شەشەمی هومایۆنی، نامەیەك ئاڕاستەی فەرمانگەی ئەركانی جەنگی گشتی یەدەگی سەنجەقی كەركوكی ویلایەتی موسڵ كراوە و باس لەوە كراوە " پێویستە تابورێكی سەربازی لە قەزای كۆیە دروست بكرێت، بۆ ئەم مەبەستە (تۆفیق بەگ)ی قایمقامی سەنجەقی كەركوك سەردانی شاری كۆیەی كردووە و لەژێر سەرپەرشتی ئەودا لیژنەیەك لە فەرمانبەرانی حكومی ناوچەكە و كەسایەتییەكان پێكهێنراوە، هەوڵیانداوە بە زۆرەملێ خەڵكی شارەكە بكەنە سەرباز، سەرەڕای ئەوەی ئەو سەربازانەشی لە تابوری سەربازیی شارەكە بون، دیاری بكرێن و بنێردرێن بۆ بەرەكانی تری شەڕی نێوان عوسمانی و ڕوسیا، كە لە ناوچەكانی بەلقان و قەفقاس بو، پاش هەوڵێكی زۆری بەرپرسانی عوسمانی لەناوچەكەدا، جاری یەكەم لە كۆی ١٨٢ كەسی دیاریكراو تەنها ١٩ كەسیان وەڵامی بانگهێشتكردنەكەیان داوەتەوە، جاری دووەم لە كۆی ١٣٢٢ كەس تەنها ٧٢ كەس وەڵامیان داوەتەوە، لە ڕاستیدا ئەو هەوڵ و كۆششەی بەرپرسانی عوسمانی هەوڵیان بۆ دا سەری نەگرت، لە تابوری كۆیە توانرا تەنها ٧١ كەس چەكدار بكرێن و بنێردرێنە بەرەكانی شەڕ، هۆكاری ئەم ژمارە كەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی هەریەكە لە (ئەحمەد ئەفەندی) نوێنەری قەزای كۆیە و هەندێك لە كەسایەتییەكانی شارەكە وەك (عبدوڵا ئاغای حەوێزی، سادق ئاغای غەفوری و خەلیل ئاغا) كە لەو پڕۆژەیەدا دژایەتییەكی زۆری عوسمانییەكانیان كردووە، ناچار قایمقامی ناوبراو وەڵامی نامەكەی ناردووەتەوە و داوایكردووە بەزوترین كات ئاغا خۆسەپێنەرەكانی قەزای كۆیە بۆ ناوەندی ویلایەت یاخود ناوەندی سەنجەق بگوازرێنەوە، وا دەردەكەوێت سەرباری هەموو هەوڵەكانی بەرپرسانی سەربازی بۆ ڕاكێشان و كۆكردنەوەی تابوری ناوبراو، بەڵام هەوڵەكان بێ ئەنجام بون (B.O.A,1322,BEO.002949_221108_003_003).

لە میانەی ئەم زانیارییانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەكەوێت، خەڵكی شاری كۆیە دژی كاربەدەستانی عوسمانی ڕاوەستاون وهەمیشە وەك هێزێكی نەیار لە ناوچەكەدا تەماشایان كردون، لەم سۆنگەیەوە كاتێك بارودۆخی عوسمانی بەرەو خراپی دەڕوا، دەیانەوێت خەڵكی ناوچەكە بە یاسای زۆرە ملێ بكەن بە سەرباز، بەڵام لەوكاتەدا هەندێك لە كەسایەتی و بنەماڵەكانی شارەكە، دژی ئەو پڕۆژەیە وەستانەوە وهەمو هەوڵەكانی تۆفیق بەگی قایمقامی كەركوكیان شكست پێهێنا.

لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا سوپای عوسمانی وای لێ هاتبو تەنانەت دەستتێوەردانی لە كاروباری ناوخۆی شارەكەشدا كردووە، لە ساڵی ( ١٣٢٤ك/١٩٠٦-١٩٠٧ز)دا وەكیلی قایمقامی كۆیە (حاجی حەسەن حوسنی)، لەلایەن فەریقی ڕەدیفی سەنجەقی كەركوك و قایمقام (موسا كازم) پاشا، بە ناحەق دەستگیر كراوە، بەبێ ئەوەی كارێكی نەشیاوی كردبێت، پاشان خۆی لە نامەیەكدا كە بۆ سەنجەقی كەركوكی نوسیوە و ئاماژەی بەوە كردووە كە "ئەو (٤٠) ساڵە خزمەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەكات و یەكێكە لە خانەدانەكانی كەركوك و بە پێچەوانەوە دادوەر و قایمقامی كەركوك بە ناحەق دەستگیریان كردووە و سەرەڕای ئەوەی سوكایەتیی جۆراوجۆریشیان پێ كردووە، داوای كردووە دادگایەكی دادپەروانە پێكبهێنرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكەی" (ڕەحمان،٢٠١٨ ، ٢٣٣/٦).

بێگومان شاری كۆیە لە ماوەی سەردەمی عوسمانیدا، هەمیشە وەك بنكەیەكی مەشقپێكردنی سەربازی وا بووە، چونكە كاتێك سەربازەكان لە مەشقكردنیان تەواو دەبون، دەنێردران بۆ قەزاكانی (هەولێر، شەقلاوە، پردێ، ڕەواندز، قەڵادزێ و ڕانیە)، بۆیە ئەم شارە جگە لە ڕێكخستنی كارگێڕی، ڕێكخستنی سەربازیشی لێ ئەنجام دراوە، وەك ئاشكرایە ئەو شارە ڕۆڵی لیوایەكی سەربازیی لە كاتی شەڕ و جوڵاندنی هێزە سەربازییەكانی عوسمانیدا گێڕاوە، جگە لەوەش بۆتە كۆگایەكی چەك و تەقەمەنی بۆیان، هەروەها بۆ بەرچاوڕونیش بەردەوام فەرماندەی گشتی سەربازیی ناوچەكە لە شاری كۆیە دانیشتووە و سەرپەرشتی گواستنەوەی سەربازەكانی بۆ شارەكانی تر كردووە (حەوێز،١٩٦٢ ، ١٣٢/١)، جێگەی باسە ئەم شارە هەمیشە وەك كۆگایەكی ئابوری و خۆراك بووە بۆ بەرەكانی جەنگ، ئەوەتا لە ساڵی (١٩٠٨ز)دا كاتێك سەربازەكانی عوسمانی لەسەر سنوری ئێران پێداویستیی خۆراكییان كەم دەبێتەوە، داوای خۆراك لە بەرپرسانی عوسمانی دەكەن، بەڵام ئەو داوایەیان بە هەند وەرنەگیراوە ناچار بۆ یارمەتیدانیان پەنایان بۆ خەڵك و سەربازەكانی قەزای (كۆیە و ڕەواندز) بردووە ، لە هەمان كاتیشدا ئەو هێزە سەربازییەی كە عوسمانییەكان لە ناوچەكەدا جێگیریان كردبوو، لە پای دڵسۆزیان بۆ خەڵكی شارەكە، زۆرجار هەوڵیان دەدا سوكایەتی وئەشكەنجەی خەڵكەكەی بدەن (جەنگی ،٢٠١٩ ، ٣٣،٣٣٨/١ ) .

لە سەروبەندی بەر لە دەستپێكردنی جەنگی یەكەمی جیهانیدا، ڕەشبگیری لە شارەكەدا ببووە پیشەی بەرپرسانی عوسمانی، سەرەڕای ئەوەی ئەو هێزەی لە شارەكەدا هەیبوو، بەردەوام مایەی بارگرانی بون بۆ خەڵكەكە و دەبووایە خواردنیشیان بۆ دابین بكرایە، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەكی عوسمانی داوای پێداویستیی سەربازی وەك ( خۆراك و جلوبەرگ) لە شاری كۆیە كراوە، بۆ شارەكانی (بەغدا و سامەڕا) (B.O.A,1330,DH.I.UM.EK.00006_00079_001)، كاتێك جەنگی

یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا و دەوڵەتی عوسمانییش تێوەگلا و خۆی دایە پاڵ بەرەی ئەڵمانیا، سوڵتان (محەمەد ڕەشاد) لە سێی ئابی ١٩١٤دا فەرمانێکی دەرکرد بەناوی (سەفەر بەلەکی)(١٠) ، هەر کەسێک لەنێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٨٨٢)دا، لە خاکەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لەدایک بو بێت، جا موسڵمان بێت یان ناموسڵمان، دەبێت بنێردرێن بۆ خزمەتی سەربازی، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عوسمانی لە ڕێگەی ئەو پرۆژەوە هەرچی گەنج و لاوی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەبوو، هەمووی بەرەو ناوچەکانی شەڕ گواستەوە، لە ڕاستیدا سەفەربەلك بیرۆکەی سوڵتان عەبدولحمیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١) بوو کە پێی دەوترا (نفیرعام - یان شێوەیەك لە ڕەشبگیری)، بڕیاردرا لە هەر خێزانێك ئەگەر کوڕێکی تازە پێگەیشتوهەبووایە، دەیانبرد و دەیاننارده سەربازی لە دژی دەوڵەتی قاجاری، یاخود لە دامرکاندنەوەی جەنگە ناوەخۆییەکاندا بەکاریان دەهێنان، کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانیش دەستی پێکرد و دۆخی سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی بەرەو خراپی ڕۆیشت، لەشکری عوسمانی بەناو شار و لادێیەکانی کوردستان دەگەڕان و هەرچی گەنج و پیاوێك دەستی تفەنگی بگرتایە ڕاپێچی سەربازییان دەکرد، تەنیا منداڵ و پیر و کەمئەندامەکان مابونەوە (جەمال توتەیی و ئەمین بێتواتی،٢٠٢٢، ٥٦-٥٧). لە ڕاستیدا شاری کۆیە وەك بەشێکی دیکەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، پڕپشکی ئەم شەڕەی بەرکەوت و بە هەزاران گەنج و لاوی ئیشکەری شارەکەیان ڕەوانەی جەنگ کرد، ماڵ نەبو یەك دو کەسی لە سەفەربەلەك لەناو نەچوبێت، کە نزیکەی (٣٠٠٠) هەزار گەنج و لاوی شارەکە لەناوچون و نەگەڕانەوە، هەروەها لەو کاتەدا بەرپرسی سەربازیی شاری کۆیە ناوی (عەبدولڕەحمن ئەفەندی) بو کە کەسێکی وەجاغ کوێر بووە و زۆر ڕقی لە گەنجەکانی شارەکە بووە، بۆیە لەکاتی دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەرچی گەنجی شار هەبو، هەموی ڕاپێچی بەرەکانی جەنگ کردووە، تەنانەت ( شێخ نورەدین جەلی زادە) کە یەکێك بووە لە مەلاکانی ئەوسای کۆیە، لە ڕۆژی هەینیدا گەڕاوە، تاوەکو بزانێت (٤٠) کەس ماون بۆ ئەوەی نوێژی هەینییان بۆ بکات، بارودۆخی شارەکە لە هەمو لایەنەکانی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتییەوە خراپ ببو، تەنانەت چەند منداڵێکی گەڕەکی هەواوان کە دەچوونە بەر گامێشان، حکومەتی ئەوسای شار لە بری (بەدل چی)(١١) ئەوانیشیان بۆ سەربازیی بردووە، هەر لە بارەی بارودۆخی سەربازیی شارەکەوە، وا دیارە ئەو کەسانەی بە زۆر دەکرانە سەرباز، دەبووایە ملپێچێکی زەرد لە ملیان بکەن، یاخود نیشانەیەك لە هێتەیان بدەن، کە لێی نوسرابو "دولتی علیای عوسمانی"، لە پێناو چەسپاندنی ڕێساکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا، هەروەها ئەو کاتە لەناو زۆربەی تیپە سەربازییەکانی شاردا چاوەشێکی تورکیش هەبوو کە لە تەنیشت سەربازەکانەوە دەڕۆیشت (حەوێزی، ١٩٨٤، ١١٨،١٣١/٢، ١٣٦).

لەلایەکی ترەوە لە ساڵی ١٩١٥دا کاتێك ژمارەیەك لە خەڵکی شاری کۆیە بە زۆرەملێ ڕاپێچی جەنگ کرابون، بەناوی سەربازییەوە بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ نێردرابون ، بەشێك لەو خەڵکە باوەڕیان بە شەڕەکە نەبووە و هەڵاتون و گەڕاونەتەوە بۆ شارەکە، کاتێکیش بەرپرسانی عوسمانی بەمەیان زانیوە لە ویلایەتی موسڵەوە فەرمانیان دەرکردووە کە ئەو چەك و پێداویستییە سەربازییانە لەو کەسانە بسەندرێتەوە کە لە شەڕدا ڕایانکردووە، هەروەها لە ساڵی (١٩١٨)یشدا کاتێك کەرکوك لەلایەن بەریتانییەکانەوە بەبێ شەڕ دەستی بەسەردا گیراوە، ژمارەیەك لە خێڵەکانی ناوچەکە دەستیان بە تاڵانکردنی خۆراك و کەلوپەلە سەربازییەکانی عوسمانی کردووە، بەشێك لەو خەڵکانەش لە سلێمانییەوە بەرەو شاری کۆیە هاتون، لەو نێوەندەشدا کاتێك عوسمانییەکان بەمەیان زانیووە، بە زوترین کات هێزی پێوستیان بۆ سەر شارەکە ناردووە، بێ ئەوەی خەڵکی شارەکە هیچ تاوانێکیان هەبێت (جەنگی ،٢٠١٩ ، ٣٤٢/١-٣٤٤)، بەهۆی ئەوهەڵوێستە سەربازییەی عوسمانییەکان کە لە بەرانبەر خەڵکی شارەکە نواندبویان، پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بگەنە شاری کۆیە، هەندێك لەو سەرباز و ئەفسەرانەی عوسمانی، بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی لە خەڵکی شارەکەیان کردبو، هەر زو دەستیان بە ڕاکردن کردووە و هەمویان بە شەو شارەکەیان چۆڵ کردبو (حەویزی،١٩٨٤ ، ٢/ ١١١). لێرەدا دەردەکەوێت سوپای عوسمانی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، نەبونەتە هۆی ئارامی و ئاسایش بۆ شارەکە، بگرە بونەتە مایەی بارگرانی بەسەر خەڵکی شارەکەوە، تێچوی ئەو سەربازانەش هەر لە ئەستۆی هاوڵاتیانی ئەم شارە بو.

## تەوەری دووەم : بارودۆخی سەربازیی ناوچەکانی دەوروبەری شاری کۆیە بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی:-

**١-ناحیەی میرمەحمەلی**(١٢): هەروەك باسمانکرد، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، شاری کۆیە لەڕوی پێکهاتەی سەربازییەوە چەندە گرنگ بووە، بە هەمان شێوە لەڕوی سنوری جوگرافی و ناوچەییشەوە گرنگ بووە، بۆیە بەشێکی زۆری هۆزەکانی ناوچەکە، لەڕوی سیاسیی و سەربازییەوە سەر بەو شارە بوون، ئەمەش وایکردووە ئەو سنورە فراوانە پێوستی بە پارێزگاریکردن بێت و بەشێك لەو کەسانە لەلایەن بەرپرسانی عوسمانییەوە لە شارەکەدا دیاری کراون، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ڕۆژی (١٠ی ئابی١٢٧٥ك/ بەرانبەر/٢٢ی ئابی /١٨٥٩) دەرچووە، ئاماژەی" بە موچەی بیست ڕۆژی سەربازانی پیادە لە (ناحیەی میر مەحمەلی) سەر بە قەزای کۆیەی ویلایەتی شارەزورکردووە، کە بڕەکەی (٦٠٠) قورۆش بووە، هەروەها بەگوێرەی ئەو نامەیەی کە فەرماندە بلۆکباشی (ئەحمەد عەلی ما أنعم الله) ناردویەتی بۆ سەربازانی، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئامادە بن، بەگوێرەی ئەو خشتەیەی لە خوارەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، پاشان پێشکەش بە دەفتەری دارایی ویلایەتی شارەزور کراوە بۆ خەرجکردنی پارەکە، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەو سەربازانە هەریەکەیان ٢٠ ڕۆژ دەوامیان کردووە و موچەی هەمووشیان وەك یەك بووە، بەبێ جیاوازی، کەواتە ئەمە دەرخەری ئەوەیە عوسمانییەکان لەڕوی شێوازی سەربازییەوە ڕێکخراو بون، هەروەها لە خوارەوەش ئیمزا و مۆری ١٢ ئەندام هەیە، لە ژێر فەرمانی

فەرماندەی (بلۆكباشی ئەحمەد) بوون (B.O.A,1276, ML.MSF.d.14697_00001)، هەروەها بەشێك لە تۆماری بەڵگەنامەكان ئەوەیان دەرخستووە كە سەرۆك هۆزەكانیش لە ڕیزی سەربازانی عوسمانیدا هەژمار كراون، موچەیان وەك فەرمانبەرانی سەربازیی عوسمانی بووە، هەروەك (ئەحمەد ئاغا) سەرۆك هۆزی خۆشناو، كە پاراستنی ناحیەی (میر محەلی)یان پێ سپاردبو.

لەمیانەی ئەو زانیارییانەی خستمانە ڕو سەبارەت بە پێكهاتەی سەربازی لە ناوەوە و دەرەوەی شاری كۆیە، لێرەدا ناو و ڕێژەی دەوامكردن و بڕی موچەی مانگانەی سەربازانی (پیادە و سوارەی ) ناوچەكانی دەوروپشتی شارەكە بەگوێرەی خشتەی بەڵگەنامەكانی عوسمانی دەخەینە ڕو، كە ئەركیان پاراستنی ناوچەكانی قەزای كۆیە و دەوروپشتی بووە:

خشتەی (٣)

خشتەی موچە و ناوی سەربازان و ئەفسەرانی پیادەی ناحیەی میر یوسفی سەر بە قەزای كۆیە

| | | | |
|---|---|---|---|
| بلۆكباشی عەبدولڕەحمان كوڕی مرجانە باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | بابەكر كوڕی ڕەسول باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | محەمەد كوڕی ڕەسول باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | تاهير كوڕی محەمەد باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش |
| تاهير كوڕی ئیسماعيل باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | محەمەد كوڕی يوسف باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | ئەحمەد كوڕی باپير باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | سەعيد كوڕی بەهرام باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش |
| خەسرۆ كوڕی حوسێن باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | مستەفا كوڕی ئیسماعيل باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | عەزيز كوڕی ئەحمەد باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | عەزيز كوڕی محەمەد باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش |
| محەمەد كوڕی مەحمود باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | محەمەد كوڕی شێخ باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | شەمسە كوڕی مستەفا باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | وەیسی كوڕی قادر باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش |
| حوسێن كوڕی حەسەن باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | حوسێن كوڕی سلێمان باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | ئیسماعيل كوڕی سلێمان باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش | ميرزا كوڕی ڕەمەزان باليسانی<br>٢٠ ڕۆژ<br>٣٠ قوروش |
| | ٦٠٠ قوروش كۆی گشتی موچە | ٢٠ كەس | موچەی كەسەكان لەسەرڕۆژ دانراوە |

**٣. ناحیەی پشـــتكلی یاخود پشـــتەگری**[١٤]: ئەو ناوچەیە لەڕوی پێكهاتەی كارگێڕی و سـەربازییەوە سـەربە قەزای كۆیەی ویلایەتی شـارەزور بووە، ژمارەی ســـەربازەكانی عوســـمانی كە لەو ناوچەیەدا دەوامیان كردووە، نزیكەی (٢٠) سـەـــربازی پیادە بوون، لەژێر فەرمانی (فەرماندە- بلۆكباشی) مام عەبدەدا بون، بەگوێرەی بەڵگەنامایەكی عوسمانی كە لە سـاڵی ( ١٢٧٥ك/١٨٦٠ز)دا دەرچوە، ئاماژەی بەوە كردووە " لە سەرەتای مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی (١٨٦٠ز)دا، تا كۆتایی مانگەكە بۆ ماوەی یەك مانگ بە ئاگاداری فەرمانبەری (ئامادەبون و نەهاتووان) یان وەرگیراوە و موچەی ئەو ٢٠ ســـەربازە كە لەخوارەوە ناویان هاتووە، گەیشـــتۆتە (١٠٠٠) قوڕوش، بۆ پێداچوونەوە بە دۆســـیەكانیان و خەرجكردنی موچەی مانگانەیان، ڕەوانەی دەفتەری دارایی ویلایەتی شـــارەزور كراوە، لەخوارەوەش ئیمزا و مۆری ١٢ ئەندام هەیە بۆ خەرجكردنی ئەو بڕە پارەیە (B.O.A,1275, ML.MSF.d.14872_00001)، دواتر لە بەڵگەنامەیەكی تردا كە هەمان دەستەی سەربازی پیادە بوە، بۆ مانگی تشرینی دووەم، كە ناوی سـەـــربازەكان و بڕی موچەكانیانیان تێدا تۆمار كراوە، هیچ گۆڕانكاریی تێدا نەكراوە (B.O.A,1275,ML.MSF.d.14872_00002)، لێرەدا دەردەكەوێت دەوڵەتی عوســـمانی لەڕوی ڕێكخســـتنی ســـەربازی و چۆنێتیی دەوامكردن و موچەی فەرمانبەرانی ڕەچاوی ئامادەبونی ســـەربازانی كردووە، بەگوێرەی ئەو خشـــتانەی ئاماژەمان بۆ كردون، لە هەر بنكەیەكی ســـەربازیدا، فەرمانبەری نەهاتووان هـەبووە، كـە ناوی ســـەرباز و پلە و جۆری موچـە و مـاوەی دەوامكردنی سەربازەكانی خستوەتە ڕو.

خشتەی (٤)

خشتەی موچە و ناوی سەربازان و ئەفسەرانی پیادەی ناحیەی پشتەکلی سەر بە قەزای کۆیە

| | | | |
|---|---|---|---|
| بلۆکباشی مام عەبدە کوڕی لاس بێتواتەیی ٥٠ قوروش | حەمەد کوڕی حەسەن بێتواتەیی ٥٠ قوروش | ڕەسول کوڕی ئالی بێتواتەیی ٥٠ قوروش | سلێمان کوڕی بەکر بێتواتەیی ٥٠ قوروش |
| عەبدوڵلا کوڕی حەسەن بێتواتەیی ٥٠ قوروش | خانە کوڕی خضر بێتواتەیی ٥٠ قوروش | ئەحمەد کوڕی مام بێتواتەیی ٥٠ قوروش | ڕەسول کوڕی عەلی هەرتەلی ٥٠ قوروش |
| ڕەسول کوڕی ئەحمەد بێتواتەیی ٥٠ قوروش | ئەحمەد کوڕی عەلی شکارتەیی ٥٠ قوروش | ئەبابەکر کوڕی محەمەد بێتواتەیی ٥٠ قوروش | ئیسماعیل کوڕی ڕەسول بێتواتەیی ٥٠ قوروش |
| حەمەد کوڕی مام هەرتەلی ٥٠ قوروش | ڕەسول کوڕی ڕەش هەرتەلی ٥٠ قوروش | زەینە دین کوڕی شێخە ئالویی ٥٠ قوروش | ئەحمەد کوڕی ئالی ئاکۆیی ٥٠ قوروش |
| نەبی کوڕی حەسەن هەرتەلی ٥٠ قوروش | حەمەد کوڕی ئیبراهیم نیوەیی ٥٠ قوروش | خلوك کوڕی ڕەسول ئاکۆیی ٥٠ قوروش | سولە کوڕی یونس کۆنەفلوسەیی ٥٠ قوروش |
| کۆی گشتی پارە | ١٠٠٠ قورش | ٢٠ سەرباز | موچەی سەربازان بۆ بۆ ماوەی مانگێکی تەواو |

**- قەڵای پلنگان**[١٥]: شـــاری کۆیە لەڕوی ســـنوری کارگێڕی و ســـەربازی و جوگرافییەوە زۆر فروان بووە، وا دیارە ئەو ناوچەیە ژمارەیەك خێڵی تێدا نیشـتەجێ بووە، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوســـمانی کە لە ســـاڵی (١٢٧٦ك/١٨٦١ز)دا دەرچووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە "١٥ فەرمانبەری سـوارەی کۆیە بەرپرس بون لە پاراســـتنی کاروباری قەڵای پلنگان لەژێر فەرمانی (یوزباشی حەوێز لوطف مەنزەر)دا بون، لەو بەڵگەنامەیەدا بەناوی یوزباشی حەوێز کوڕی ئیبراهیم دەست پێ دەکات کە بڕی موچەکەی (٧٠) قورۆش بووە و بە (عەلی کوڕی مەولود) کۆتایی دێت کە موچەکەی بڕی (٦٤ ) قورۆش بووە، دواتر لە مـاوەی یەك مانگی تەواودا کۆی موچەی مانگانەی کەســـانی ناوبراو بریتیبووە لە ( ١٠٢٠) قورۆش، بۆ پێداچوونەوە بە چۆنێتیی دەوامکردنیـان دەفتەری تۆمار ڕەوانەی دارایـــــی ویـــــلایـــــەتی شـــــــارەزور کـــــراوە (B.O.A,1276,ML.MSF.d_15472_00081)، هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تردا کە لە ڕۆژی (٢٨ی ڕەبیعی کۆتایی ساڵی١٢٧٧ك/ بەرانبەر ١٣ی تشرینی دووەمی ١٨٦٠ز)دا دەرچووە، هەر دەربارەی پاراســـتنی ئەو قەڵایە کە لەڕوی کارگێڕی و ســـەربازییەوە ســـەر بە شـــاری کۆیە بووە، وا دیارە لەوکاتەدا هەمو سـەرۆك هۆزەکانی ناوچەکەش لە ڕیزی سـەربازانی پیادە هەژمار کراون و موچەی مـانگانەشـــیـان بەو شـــێوازانە پێ دراوە کە لە ســـەرەوە ڕونمان کردنەوە (B.O.A,1277,ML.MSF.d_15515).

خشتەی (٥)

کۆی گشتی موچەی مانگانەی تیپی سەربازی قەڵای پڵنگان بەم شێوەی خوارەوە بووە:

| ژمارەی سەرباز | مووچەی مانگانە | بارودۆخی پابەندبوون بە دەوامکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١٠سەرباز | ٧٠٠ قوروش | ٣٠ ڕۆژ دەوامکردن | دەوامی تەواو |
| ٥ سەرباز | ٣٢٠ قوروش | کەمتر لە ٣٠ ڕۆژ | مووچەی لێبڕاو (بەهۆی نەهاتووان) |
| ١٥سەرباز | ١٠٢٠ قوروش | | |

( B.O.A,1276K، ML.MSF.d_15472_00081).

## تەوەری سێیەم:- دەزگای پۆلیس(الشرطة)[١٦] و گروتخانە(حبسخانەسی) لە شاری کۆیە:-

پۆلیس یەکێك بوو لەو دەزگا سەربازییانەی عوسمانی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ویلایەتەکانی عێراقدا دروست کرا، ئامانج لە دروستکردنی ئەو هێزە پاراستنی ئاسایش و ئارامی لیوا و سەنجەق و قەزاکان بوو، بەگوێرەی ڕای لێکۆڵەران مێژوی دامەزراندنی دەزگای پۆلیس لە عێراق بۆ ساڵی (١٩٠٠) دەگەڕێتەوە، هەروەها هەندێکی تریش پێیانوایە "بۆ ساڵی (١٣٠٢ك/ ١٨٨٤ز) دەگەڕێتەوە، بەگوێرەی ئەو دابەشکارییانەی کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کردی، هەریەکە لە ویلایەتەکانی (بەغدا، بەسرە و موسڵ) (پشکێنەرێکی گشتی - موفتیش عام)یان بۆ دانراوە، پاشان دەزگای پۆلیسی ناوخۆیان بە سەر پێنج ناوچە دابەش کرد و ئامانج لە دروستبونی هێزی پۆلیس ئەوە بوو تا جیاوازی کۆمەڵایەتی ولایەنی گەندەڵی لە دامودەزگاکاندا کەم بکرێتەوە، هەروەها ڕێنماییەکانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

دەوڵەتیان بڵاو دەکردەوە، پاشان پێداچوونەوەیان بە پاسپۆرتی گەشتیاراندا دەکرد" (العباسی، ٢٠٠٥ ، ٩٦؛ ندیم،١٩٩٢، ٤/ ٢٢٩-٢٣٠)، جێگەی بایەخە مێژوی درووستبونی پێکهاتەی هێزی پۆلیس لە شاری کۆیە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا بە " (فەرمانبەری بنکە - مأمور مركز) وتراوە (مستنطق)[17] (حەویزی، ١٩٦٢ ، ١٢٤/١).

وەك دەردەکەوێت لە ساڵی (١٢٧٤هـ -١٨٥٨ز) " قەزای کۆیەی کە سەر بە ویلایەتی شارەزور بووە، ئەوانەی لە کاروباری پۆلیس کاریان کردووە، ژمارەیان (٣٥) پۆلیس بووە، هەریەکەیان موچەو پلەی جیاوازیان هەبووە، (١٠) کەسیان مانگانە (٣٠) قوروشیان وەرگرتووە، (٢٥) کەسیشیان (٤٠) قوروشیان وەرگرتووە، هەروەها وەك ئاماژەی پێدراوە هەندێك لەو پۆلیسانە لە بواری سەربازی و کارگێڕی لاواز و کەم ئەزمون بون، بۆیە جیاوازی لە موچەکانیاندا هەبووە، بەڵام ئەوانەی موچەیان زیاتر بووە کەسانی شارەزا و بەئەزمون بون، ئەرکی پۆلیس لە شارەکەدا پاراستنی فەرمانگەکان و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بووە (ڕەحمان،٢٠١٨ ، ٣٢/٦)، لەلایەکی ترەوە بەگوێرەی ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵی (١٣١٢ك/ ١٨٩٥)، دەردەکەوێت لە ناوی قەزای کۆیەدا لەپاڵ فەرمانبەرانی مەدەنیدا فەرمانبەرێکی سەربازیش هەبووە و پێی وتراوە (مأموری زاپیتە- فەرمانبەری مکافحة )کە ئەویش ناوی (سەعید ئاغا) بووە، (١٣١٢ك، ١٧٢؛ دەباغ،٢٠٠٩، ٣/ ١٤٦٠)، دواتر لە ساڵنامەی (١٣٢٥ك/ ١٩٠٨ز)دا ئەو فەرمانبەرە پلە سەربازییەکەی گۆڕاوە بۆ (زاپیتە مولازمی یەکەم) کە ئەویش ناوی (داود ئەفەندی) بووە، هەروەها هەر لەوساڵنامەیەدا خشتەیەك کراوە، کە ناو وپلەی سەربازانی هێزەکانی (٨٠)ی[18] شاری کۆیەی نیشانداوە (١٣٢٥ك، ٢٢٢)، ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕونی بکەینەوە نازانین ئەو فەرمانبەرە تایبەت بووە بە دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەت، یاخود سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بووە.

لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی خشتەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لەبارەی هێزی پۆلیسەوە لە شاری کۆیە دەریدەخات کە "لەناو شارەکەدا (٣٦) فەرمانبەر( پیادەی پۆلیس) هەبووە، ئەرکیان پاراستنی کاروباری فەرمانگەکانی ناو قەزاکە بووە، هەروەها لەو خشتەیەدا دەرکەوتووە، بەڕێوەبەری پۆلیس فەرماندە- بلۆکباشی (ڕەشید کوڕی مستەفا) پلە یەك بووە، کۆتا ناویش (محەمەد کوڕی مەغدید) بووە، لەو بەڵگەنامەیەشدا جیاوازی لە موچەی پۆلیسەکان دەبینرێت، بڕی موچەی بەڕێوەبەر (١٥٠ ) قوروش بووە و (محەمەد کوڕی مەغدید )یش (٥٠) قوروش بووە، لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ساڵی (١٢٧٦ك/ ١٨٦١ز)دا بۆ ماوەی مانگێك دەوامیان کردووە، لە ماوەی ئەو مانگەدا، ڕۆژانە هەژماری ئامادەبونیان بۆ تۆمار کراوە، پاشان فەرمان کراوە بۆ بەشی دارایی ویلایەتی شارەزور بۆ خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە کە بریتیبووە لە ( ١٨٦٨) قوروش" (B.O.A,1276,ML.MSF.d_15472_00079). بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە دەردەکەوێت، پابەندی دەوامکردن نەبووە، ئەگینا هەموویان موچەکانیان وەك یەك بووە تەنیا بەڕێوەبەر واتە فەرماندە موچەی لەوان زیاتر بووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە شاری کۆیە جگە لە بونی بنکەی سەربازی، گەورەترین (گرتوخانە-حبسخانە)ی سەربازی یاخود زیندانی تێدا بووە، لە سەرەتادا گرتوخانەکە لەناو بینای قشڵەی سەربازی بووە، بەهۆی ئەوەی ئەو بینایە سەربازی بووە، بیروڕای جیاوازییش لەسەر شوێنی ئەو گرتوخانە هەیە، وا دیارە لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە جێگۆڕکێ بە شوێنەکەی کراوە، هەندێك پێیان وایە ئەو گرتوخانەیە لەتەنیشت سەرای کۆیە لەپاڵ بینای قشڵەدا بووە، تاهیر حەویزیش ئاماژەی بەوە کردووە" لە گەڕەکی بایزاغا لەنێوان تەکیەی تاڵەبانی و بازاڕی قەیسەریدا بووە" (١٩٨٤، ١١٩/٢-١٢٠)، لە ڕاستیدا بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدایە، نازانرێت مێژوی دروستبوونی زیندانی عوسمانییەکان لە کۆیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە! بەڵام پێمانوایە لەسەرەتای هاتنی عوسمانییەکان بۆ شارەکە، گرتوخانە دروست کراوە، دواتر لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا گرتوخانەکە بە شێوەیەکی مەترسیدار تێکچووە، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ساڵی ( ١٣٢١ك/١٩٠٣ز)دا دەرچووە، تەلەگرافێك لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ناوخۆی دەوڵەت نێردراوە، داوای خێرا نۆژەنکردنەوەی زیندانەکە کراوە (B.O,A,1321,BEO.002049__153675__002) ، بۆ جارێکی تر لە ساڵی (١٣٢٤ك/١٩٠٦ز)دا تەلەگرافێك بۆ وەزارەتی ناوخۆ نوسراوە و ئاماژە بەوە کراوە کە "بڕیاری تێچوی نۆژەنکردنەوەی گرتوخانەی قەزای کۆیە خەرج بکرێت، کە بڕەکەی (٣٠٠٠) قوروش بووە، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئەو بڕیارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە جێبەجێ نەکراوە و ڕەتکراوەتەوە، بەڵام بۆ دواجار بە پێی بەڵگەنامەیەك کە لە ڕۆژی (١٧ی جیمادی یەکەمی ١٣٣٠ك/ بەرامبەر ٤ی مایسی ١٩١٢ز)دا بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، دەربارەی مۆڵەتی میر تایبەت بە دروستکردنی گرتوخانەیەکی نوێ لە شارەکەدا، کە بڕی (٨٦٧٠) قوروشی بۆ دانراوە، بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە، ئاماژە بە نوسراوی موتەسەریفیەتی سەنجەقی کەرکوك و ویلایەتی موسڵ کراوە هەموو پەراوەکانیش وردبینی کراوە (ڕەحمان.٢٠١٨ ، ٢٤٠/٦، ٢٥٦؛ ٢٠٢١ ، ٢٥٨/١٢).

بەگوێرەی بەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (٢٢٥٦) کە لە ساڵی (١٣٣١ك/١٩١٣ز)دا دەرچووە، دەربارەی ئەو گرتوخانەی بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی کە لە شاری کۆیە دروست کراوە، خەرجییەکانی بریتییە لە (٨٨٨٣) قوروش، لەدوای دەرچونی بەڵگەنامەکان و حەواڵەکردنی پارەکە بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە کە ڕوبەری بینای زیندانیەکە (٤٤) باڵ بووە، ڕوبەری باخچەکەش (٩١) باڵ بووە، کۆی گشتی ڕوبەرەکەی (١٣٥) باڵ بووە (B.O,A,1331,DH.MB.HPS__M.00012__00033__002__009) ، هەروەها بە پێی بەڵگەنامەیەك کە لە ڕۆژی(٢٥ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (١٣٢٨ك/بەرانبەر٦ی نیسانی ١٩١٠ز) دەرچووە، ئاماژەی بە موچەی

فەرمانبەرانی گرتوخانەی ویلایەت و قەزاکان کردووە، بەو پێیە قەزای کۆیە لەوکاتەدا یەك فەرمانبەری گرتوخانەی هەبووە و بڕی موچەی مانگانەکەشی (٣٠٠) قوروشی بووە (ڕەحمان، ٢٠٢١، ٢٩١/١١).

پێداگریی کاربەدەستانی عوسمانی لەسەر دروستکردنی گرتوخانە لە شاری کۆیە بەردەوام بووە ،ئەمە ئەوە دەردەخات ئەو شارە کێشەی کۆمەڵایەتیی زۆری تێدا بووە، چونکە خاوەنی ناوچەیەکی جوگرافیی فراوان بووە، ژمارەیەك هۆز و خێڵی لەژێر دەستدا بووە، کە بەردەوام لە دەسەڵات هەڵدەگەڕانەوە و باجیان نەدەدا، هەموئەمانەش بەردەوام مایەی ترس بون بۆ عوسمانییەکان، جگە لەوەش هەندێ کات زیندانییەکانیان بۆ زیندانی قەڵای کەرکوك و موسڵ دەگواستەوە، جاری وا هەبووە لە کاتی گواستنەوەی زیندانییەکان لە ناوچەکانی نێوان کەرکوك و کۆیەدا، بەتایبەتی لە گوندەکانی تەقتەق و دەوروبەری، لەلایەن خەڵکی گوندەکانەوە توشی کێشە دەبون و هەندێکجار ڕوبەڕوبونەوە ڕویداوە، چونکە خەڵکی ناوچەکە زۆر ڕقیان لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی بووە، هەروەها هەندێك لە گیراوەکانیش خەڵکی دەوروپشتی کۆیە بون و شارەزای جوگرافیای ناوچەکە بون، بۆیە زۆرجار ڕایانکردووە (حەوێزی، ١٩٨٤ ، ١٢٠/٢-١٢١)، لەلایەکی ترەوە بەپێی بەڵگەنامەکان ئەو سەربازانەی گرتوخانەی شاری کۆیەیان بەڕێوە بردووە، پێیان وتراوە (گاردیان) دەرماڵەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك کە لە ڕۆژی (٢٢ی زولحجەی ١٣٢٩ك/ بەرانبەر ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩١١ز)دا لەلایەن والیی موسڵ (نائیب پاشا )ەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز کراوەتەوە، تایبەت بە داینکردنی بودجە بۆ ئەو کەسانەی گرتوخانەکە بەڕێوە دەبەن (ڕەحمان،٢٠٢١ ، ٢٥٣/١٢).

## ئەنجام

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بڵێین گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی چاکسازییەکانی سەردەمی تەنزیماتی ڕاگەیاند، هەوڵیدا دەسەڵاتی ناوەندی لە سەرتاسەری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا جێبەجێ بکات و کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشنە کوردییەکان هێنا ، لەوکاتەشدا شاری کۆیە وەك شارەکانی تری باشوری کوردستان، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان.

٢. کاتێك شاری کۆیە کەوتە ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکان، لەڕوی بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی و سەربازییەوە، ئەم سنورە فراوانەی پێشوتر نەما و بووە قەزایەك لە چوارچێوەی سەنجەقی کەرکوك و ویلایەتی موسڵ، بۆیە بڕیاردانی سەربازییش کەوتە ژێر دەستی کاربەدەستانی عوسمانییەوە، ئەگەر سەیر بکەین ئەم شارە لەڕوی بارودۆخی سەربازییەوە، ژمارەیەك هێزی سەربازی جۆراوجۆری لێ جێگیر کراوە، هەریەکەیان لە شێوەی تیپێکی سەربازیی ڕێکخراو، لەلایەن بەرپرسێکی تورکەوە سەرپەرشتی کراون کە خەڵکی دەرەوەی شارەکە بوون.

٣. ئەو هێزە سەربازییانەی لەو شارەدا جێگیر کرابوون، بەشێکی کەمیان خەڵکی شارەکە بون، بەڵکو لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتبون، وەك لە خشتەکان ڕونمان کردۆتەوە، وا دیارە دەوڵەتی عوسمانی زۆر بایەخی بە دەوامکردن و ئامادەبوونی سەربازانی دەدا، سزای دەدان لە ڕێگەی لێبڕینی موچەکانیان.

٤. دەوڵەتی عوسمانی خۆی دەوڵەتێك بو لەسەر بنەمای سەربازی دامەزرابو، بۆیە هەموهەوڵێکیان ئەوە بو، تا بتوانن بواری سوپا بەهێز بکەن، لە بەرانبەر نەیارانیان، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی سەربازیان لە کۆیە جێگیر کردبو، تا بتوانن بە ئاسانی و خێرای هەڵگەڕانەوەی هۆزەکان لەناوبەرن.

٥. وا دەردەکەوێت عوسمانییەکان لەڕوی بارودۆخی سەربازییەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کاری باشیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو بەردەوام خەڵکیان بەزۆر ڕاپێچی سەربازی کردووە، بەردەوام بونەتە مایەی بارگرانی و ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکی شارەکەدا.

٦. سەرانی دەوڵەتی عوسمانی هەرگیز بایەخیان بە شاری کۆیە نەداوە و دروستکردنی قشڵە زیاتر بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و مانەوەی خۆیان بووە، هەمیشە ئەو شارەیان وەك بنکەیەکی سەربازی و ئابوری بەکارهێناوە، زۆربەی کات هەمو هێزەکانی عوسمانی لەو شارەوە بڕیاری جوڵاندنیان دەدرا.

## سەرچاوەکان

احمد، سامان حسین.٢٠١٩،کۆیە لە روانگەی بەرهەمی گەریدە و مسیۆنەریو دیپلۆماتە بیانییەکان لەسەرەتای نۆزدهەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کۆنفراسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا،ژ:١٨، گۆڤاری زانکۆی کۆیە،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

برادۆستی: زێدان.٢٠٠٩،قشڵەی کۆیە و قەڵای کۆیە،ئینسسکلۆپیدیای هەولێر،ج٢، دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان،چاپخانەی گالۆری، لوبنان.

جەلی زادە:نەجیبەخان.٢٠٠٩،مێژووی شاری کۆیە،سەنتەرو لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

جەمال توتمەیی و ئەمین بێتواتی:محەمەد و بەختیار محەمەد،٢٠٢٢، گرانی گەورە لە کوردستاندا(١٩١٤-١٩١٨)، چ٢،ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

جەنگی:هیوا شێخ.٢٠١٩،بەڵگەنامەکانی کۆیسنجاق لە ئەرشیفی عوسمانیدا،ب١،ئامادەکار:سادات ئەرگڵو،چاپخانەی پەنجەرە،تاران.

حاجی، کامەران محەمەد.٢٠١١، کوردستانی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم تا ساڵی ١٩١٨_لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ژ:١٩، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

حەوێزی:تاهیرئەحمەد.١٩٦٢،مێژووی شاری کۆیە-یان کۆیسنجق،بەرگی یەکەم،چاپخانەی الوفا، بەغدا.

حویزی: :طهار احمد.١٩٨٤، مێژووی کۆیە، بەرگی:٢ ،چاپخانەی نمیر،بەغداد.

خۆشناو:هێمن عومەر.٢٠١٨، شەقڵاوەو خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا،ب١،چاپخانەی کاردۆ،سلێمانی.

دەباغ: فەیسەڵ.٢٠٠٩،کۆیە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵدا،ئینسکلۆپیدیای هەولێر.ب٣،چ١،چاپخانی گرین گالۆری، لوبنان.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

رەحمان:ئاشتی.٢٠١٨، ب:٦،کۆی سانجەق لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٢٦٨-١٣٣٨کۆچی/ ١٨٥٢-١٩٢٠زایینی، ئامادەوپێشکەشکردنی:نەوزاد یەحیا باجگر،بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان،هەولێر.

رەحمان:ئاشتی.٢٠٢١،کەرکوك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا(١١١٣-١٣٢٧ك/ ١٧٠٢-١٩١٨ز)، بەرگی:١١- ١٢،ئامادەوپێشکەشکردنی:نەوزاد یەحیا باجگر،بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان،هەولێر.

زەکی بەگ:محەمەد ئەمین.٢٠٠٦،تاریخی سلێمانی وە وڵاتی،چ٢،ب٣،بنکەی ژین،سلێمانی

زەیدی: موفید.٢٠١٥، ئینسکلۆپیدیای مێژووی ئیسلامی سەردەمی عوسمانیەکان(١٥١٦-١٩١٦ز)،وە:بەختیار عەزیز ئەحمەد ،چاپەمەنی چوار چرا،سلێمانی.

سەرگەینێلی وئەوانی تر: لوقمان عوسمان و حەیدەر عەبدولا و هاوژین کاکەم و شوان شێرزاد. ٢٠١٣، پێنج توێژینەوە لەسەر گوندەکانی ناحیەی بالیسان و دەوروبەری،چاپخانەب شەهاب، هەولیر.

شوانی: ئاکۆ عبدالکریم.٢٠٠٢، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چاپخانەی زانست ، سلێمانی.

عەبدوڵلا:ئیناس سەعدی.٢٠٢١، مێژووی نوێی عێراق ١٢٥٨-١٩١٨،وە: مەحمود هۆمەر باوزێ، کەیوان ئازاد ئەنوەر پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ داناوە،ناوەندی رۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

مارف:عومەر ئیسماعیل.٢٠١٧،ئەحمەد پاشا دوا فەرمانڕەوای میرنشینی بابان ١٨٣٨-١٨٤٧)،چ١، بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان، سلێمانی.

موکریانی: حوسێن حوزنی.٢٠٠٧،سەرجەم بەرهەمی-مێژووی دوو ساڵەی کوردستانی جنووبی،بەسەرپەرشتی کوردستان موکریانی، ب٢،بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس،هەولێر.

ئەحمەد:بژار عوسمان.٢٠١٩،کۆیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا،پێداچونەوە:دەریا جەمال حەوێزی،ناوەندی سارا، سلێمانی.

ئەسکەندەر:سەعد بەشیر.٢٠٠٤،سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان،وە:جەوهەر کرمانج،چ١،چاپخانەی داناز،سلێمانی

ئەمین:نەوشێروان مستەفا،١٩٩٨،میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا،چاپخانەی خاك،سلێمانی.

الأرحيم: فيصل محمد.١٩٧٥:تطور العراق تحت حكم الاتحاديين١٩٠٨-١٩١٤، الموصل.

الدمولوجی: صديق. ١٩٩٩،إمارة بهادينان الكردية أو إمارة العمادية، ط٢،مطبعة وزارة التربية، أربيل.

رؤوف:عماد عبدالسلام.٢٠٢١،مراكز الإدارة والأسر الحاكمة في العراق القرون المتأخرة،ط٢،مكتب التفسير للطبع والنشر، اربيل.

صابان:سهيل.٢٠٠٠، المعجم الموسوعى للمسطلحات العثمانية التاريخية،مكتبة الملك فهد الوطنية،جده.

العامه:مديرية الاستخبارات العسكرية.د.ت، العشائر الكردية في العراق،سري، بغداد.

العباسي: مهدي صالح سعيد.٢٠٠٥،كركوك في أواخر العهد العثمانى ١٨٧٦-١٩١٤ دراسة في أوضاعها الإدارية والاقتصادية والثقافية، رسالة الماجستير، قسم تاريخ،كلية الاداب، جامعة الموصل.

العزاوى:المحامى عباس،١٩٥٥،تاريخ العراق بين احتلالين-١٨٣١-١٨٧٢،ج٧،وزاره المعارف،بغداد.

موصل ولايتى، سالنامه رسميسدر ١٣١٠ك، مطبعه سنده، موصل.

موصل ولايتى، سالنامه رسميسدر ١٣١٢ك، مطبعه سنده، موصل.

موصل ولايتى، سالنامه رسميسدر ١٣٢٥ك، مطبعه سنده، موصل.

**یەکەم: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی:**

(B.O.A,1275,ML.MSF.d.14872_00002)

(B.O.A,1275, ML.MSF.d.14872_00001)

(B.O.A,1275,ML.MSF.d.14882_00001

(B.O.A,1275,ML.MSF.d.14986_0002)

(B.O.A,1275,ML.MSFD.14876_00001)

(B.O.A,1276, ML.MSF.d.14697_00001)

(B.O.A,1276,ML.MSF.d_15472_00079)

(BOA,1276K,ML_MSF_d_15472_00075)

(B.O.A,1276,ML.MSF.d_15472_00081)

(B.O.A,1276K، ML.MSF.d_15472_00081)

(B.O.A,1311,DH.SFR.00175_00078_001)

(B.O.A,1313,DH.MKT.00391_00022_001)

(B.O.A,1321,BEO.002079_155895_002)

(B.O,A,1321,BEO.002049_153675_002)

(B.O.A,1322,BEO.002949_221108_003_003)

(B.O.A,1322,BEO.002949_221108_001)

( B.O.A,1330,DH.I.UM.EK.00006_00079_001)

(B.O,A,1331,DH.MB.HPS_M.00012_00033_002_009)

Osmanlı Arşivi Daire Başkanlığı, Osmanlı döneminde Irak, Palto basımevi, İstanbul.

## پاشکۆکان

بۆ بەرچاو روونی و بینینی بەشێك لە بەڵگەنامە وێنەییەکان و خشتەی ناوی هەندێك لە سەربازان و ئەفسەران و پلەی سەربازییان لەناو وبەڵگەنامەکان وساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵی دەوڵەتی عوسمانیدا سەیری ئەم پاشکۆیانە خوارەوە بکە:

پاشکۆی ژمارە(١)

خشتەی کەتیبەی سوپای یەکەمی فەوجی ٤٨ی سەربازیی پیادەی شاری کۆیە ،-

| ژمارە | ناو | پلەی سەربازی بە عوسمانی | پلەی سەربازی بە کوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | زکریا بەگ | میر الای | فەرماندەی گشتی فەوج |
| ٢ | تۆفیق بەگ | قایمقام | بەرێوەبەر |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | مستەفا زەکی ئەفەندی | بیکباشی | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزار سەرباز) |
| ٤ | منحل | الای امینی | نووسەری فەوج (هەڵوەشێنراو) |
| ٥ | حاجی حسێن ئەفەندی | الای امینی | ئەمینداری فەوج |
| ٦ | محەمەدەمین ئەفەندی | الای کاتبی | نووسەری فەوج |
| ٧ | حاجی عەبدولسلام ئەفەندی | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت،واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |
| ٨ | نظیف ئەفەندی | طبیب قول اغاسی | دکتۆری یاردەدەری فەرماندە |
| ٩ | قسطی ئەفەندی | اجزاجی | کارمەندی کلینیکی پزیشکی (دەرمانخانە) |
| ١١٠ | محەمەد نوری ئەفەندی | تیمارچی | برینپێچی |
| ١١ | عەبدوڵڵا | تفنگچی استە | وەستای تفەنگ |
| ١٢ | محەمەد سەلیم ئەفەندی | سنجقدار ملازم ثانی | ملازمی دووەمی سەنجق |
| ١٣ | حوسێن ئاغا | برنج بلوك یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٤ | ئەحمەد ئاغا | برنج بلوك ملازم اول | ملازمی یەکەمی دەستەی یەك |
| ١٥ | مەحمود ئاغا | برنج بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی یەك |
| ١٦ | ئەحمەد ئەفەندی | برنج بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی یەك |
| ١٧ | حاجی خەلەف | ایکنجی بلوك یوزباشی | دەستەی دووەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٨ | منحل (هەڵوەشێنراو) | ایکنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەکەمی دەستەی دووەمی |
| ١٩ | عومەر ئاغا | اوچنجی بلوك یوزباشی | دەستەی سێیەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٢٠ | منحل (هەڵوەشێنراو) | اوچنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەکەمی دەستەی سێیەم |
| ٢١ | مستەفا ئەفەندی | اوچنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی سێیەم |
| ٢٢ | مستەفا ئاغا | دردنجی بلوك یوزباشی | دەستەی چوارەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٢٣ | عەبدوڵڵا ئەفەندی | دردنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەکەمی دەستەی چوار |
| ٢٤ | قاسم ئەفەندی | دردنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی چوار |
| ٢٥ | محەمەد ئەفەندی | دردنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی چوار |
| ٢٦ | عەلی ئاغا | تنجی الایك موسیقە معلمی یوزباشی | مامۆستای شەشەمی مۆسیقی سەد نەفەری |
| ٢٧ | ئەحمەد ئاغا | معلم ثانی ملازم ثانی | مامۆستای دووەمی ملازمی دووەم |

(ساڵنامەی موسڵ،١٣١٠ ، ١٩٨-١٩٩؛ حەویزی، ١٩٨٤ ، ١١٤/٢-١١٥).

خشتەی کەتیبەی سوپای دووەمی فەوجی ٤٨ی سەربازیی نیزامیی شاری کۆیە

| ژمارە | ناوی سەرباز | پلەی سەربازی بە زمانی عوسمانی | پلەی سەربازی بە کوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | غالب بەگ | بیکباشی(بینباشی) | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزارسەرباز) |
| ٢ | حاجی عەلی ئەفندی | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت، واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |
| ٣ | محەمەدەمین ئەفەندی | طابور | فەرماندەی سوپا |
| ٤ | عەبدولسەمەد ئەفەندی | طابور | فەرماندەی سوپا |
| ٥ | حوسێن ئەفەندی | طبیب | بزیشك |
| ٦ | دیمتری ئەفەندی | اجزاجی | کارمەندی کلینکی پزیشکی |
| ٧ | حوسێن قاسم ئەفەندی | تیمارچی | برینپێچ |
| ٨ | ئەمین ئاغا | برنجی بلوك یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٩ | محی الدین ئەفەندی | برنجی بلوك ملازم اول م٥ | ملازمی یەکەمی دەستەی یەکەم |
| ١٠ | ڕەشید ئەفەندی | برنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووی دەستەی یەکەم |
| ١١ | عوسمان ئەفەندی | اینکجی بلوك یوزباشی ع٤ م٤ | بەرپرسی سوپای دووەمی سەد نەفەری |
| ١٢ | منحل (هەڵوەشێنراوە) | اینکجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەکی دەستەی دووەم |
| ١٣ | موبارەك ئەفەندی | اینکجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی دووەم |
| ١٤ | صالح ئەفەندی | اینکجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٥ | ئەمین ئەفەندی | اوچنجی بلوك ملازم اول | بەرپرسی سوپای سێیەمی سەد نەفەری |
| ١٦ | سەلیم ئاغا | اوچنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی سێیەم |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | محەمەد ئەفەندی | اوچنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی سێیەم |
| ١٨ | محەمەد عەلی ئەفەندی | اوچنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی سێیەم |
| ١٩ | عابدین ئەفەندی | دردنجی بلوك یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |
| ٢٠ | سەعید ئەفەندی | دردنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەكەمی دەستەی چوارەم |
| ٢١ | عوسمان ئەفەندی | دردنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی چوارەم |
| ٢٢ | حاجی محەمەد ئەفەندی | بیكباشی(بیناشی)(پلونە مدالیەسی) م٥ | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزارسەرباز) |
| ٢٣ | فرج الله ئەفەندی | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت، واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |
| ٢٤ | نیازی ئەفەندی | كاتب طابور | نووسەری فەرماندەی سوپا |
| ٢٥ | عەبدولرەحمان ئەفەندی | دیونی ملازمی | ملازمی كۆگا |
| ٢٦ | ئەرسلان | تفنگچی اوستە | وەستای تفەنگ |
| ٢٧ | عواد ئەفەندی | یوزباشی | دەستەی یەكەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٢٨ | فەتاح ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەك |
| ٢٩ | محەمەد ئەفەندی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٣٠ | عەبدولقادر ئەفەندی | یوزباشی | دەستەی یەكەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٣١ | ڕەمزان ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٣٢ | سەمین ئەفەندی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٣٣ | حوسێن ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |
| ٣٤ | ئیسماعیل ئاغا | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ٣٥ | سەعید ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٣٦ | قادر ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |
| ٣٧ | ڕەجەب ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |

خشتەی كەتیبەی سوپای چوارەمی فەوجی ٤٨ی سەربازیی نیزامیی لە شاری كۆیە

| ژمارە | ناوی سەرباز | پلەی سەربازی بە توركی | پلەی سەربازی بە كوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | مەحمود عزیز ئەفەندی | بیناشی(بیكباشی) | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزار سەرباز) |
| ٢ | تەها ئەفەندی | قول ئاغا سی | بە واتای قۆڵ دێت، واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا) |
| ٣ | یوسف ضیاء ئەفەندی | طابور كاتبی | نووسەری فەرماندەی سوپا |
| ٤ | داود ئەفەندی | ایكنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی دووەم |
| ٥ | ئەحمەد ئەیوب ئەفەندی | طبیب | دكتۆر |
| ٦ | یوركی ئەفەندی | اجزاچی | كارمەندی كلینكی پزیشكی (دەرمانخانە) |
| ٧ | صالح ئەفەندی | تیمارچی | برینپێچ |
| ٨ | ئەحمد | تفنگچی اوستە | وەستای تفەنگ |
| ٩ | عەبدولرەحیم ئەفەندی | برنجی بلوك یوزباشی | بەرپرسی یەكەمی سوپای ی سەد نەفەری |
| ١٠ | ئەحمەد ئاغا | برنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەكەمی دەستەی یەكەم |
| ١١ | صالح ئەفەندی | برنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی یەكەم |
| ١٢ | حەسەن ئاغا | ایكنجی بلوك یوزباشی | بەرپرسی دووەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٣ | سولیمان ئاغا | ایكنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەكەمی دەستەی دووەم |
| ١٤ | عیزت ئەفەندی | ایكنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی دووەم |
| ١٥ | محەمەد حلمی ئەفەندی | امام | پیشەوا |
| ١٦ | عەلی ئاغا | اوچنجی بلوك یوزباشی | بەرپرسی سێیەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٧ | سەعید ئەفەندی | اوچنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەكەمی دەستەی سێیەم |
| ١٨ | جەعفەر ئەفەندی | اوچنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی سێیەم |
| ١٩ | عیسا ئاغا | دردنجی بلوك یوزباشی | بەرپرسی چوارەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٢٠ | منحل | دردنجی بلوك ملازم اول | ملازمی یەكەمی دەستەی چوارەم |
| ٢١ | وەهاب ئەفەندی | دردنجی بلوك ملازم ثانی | ملازمی دووەمی دەستەی چوارەم |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405

(ساڵنامەی موسڵ،١٣١٠ ، ١٩٨-١٩٩؛ حەویزی، ١٩٨٤ ، ١١٤/٢-١١٥).

خشتەی ئەفسەران و فەرماندەکانی تابوری سێیەمی فەوجی ١٠٢ی سەربازیی یەدەگی کۆیە

| ژمارە | ناوی سەرباز | پلەی سەربازی بە زمانی عوسمانی | پلە سەربازی بەکوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | حاجی محەمەد ئەفەندی | بیکباشی(بینباشی)(پلونە مدالیەسی) م٥ | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزارسەرباز) |
| ٢ | فرج الله ئەفەندی | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت،واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |
| ٣ | نیازی ئەفەندی | کاتب طابور | نووسەری فەرماندەی سوپا |
| ٤ | عەبدولڕەحمان ئەفەندی | دیوی ملازمی | ملازمی کۆگا |
| ٥ | ئەرسلان | تفنگچی اوستە | وەستای تفەنگ |
| ٦ | عواد ئەفەندی | یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٧ | فەتاح ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەك |
| ٨ | محەمەد ئەفەندی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٩ | عەبدولقادر ئەفەندی | یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٠ | ڕمەزان ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١١ | سەمین ئەفەندی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٢ | حوسێن ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |
| ١٣ | ئیسماعیل ئاغا | ملازم اول | ملازمی یەکەم |
| ١٤ | سەعید ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٥ | قادر ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |
| ١٦ | ڕەجەب ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |

(ساڵنامەی موسڵ،١٣١٢ ، ٢٢٧-٢٢٨).

**پاشکۆی ژمارە(٢)**

خشتەی ناو و پلەی ئەفسەران و فەرماندەکانی تابوری چوارەمی فەوجی ١٠٢ ی یەدەگی کۆیە

| ژمارە | ناوی سەرباز | پلەی سەربازی بە زمانی عوسمانی | پلە سەربازی بەکوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | محەمەد صالح ئەفەندی | بیکباشی(بینباشی)(پلونە مدالیەسی) م٥ | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزارسەرباز) |
| ٢ | حاجی شکری ئەفەندی | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت، واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |
| ٣ | ڕەشید ئاغا | یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٤ | ڕەشید ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەك |
| ٥ | محی الدین ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەك |
| ٦ | عەلی ڕەزا ئەفەندی | یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٧ | قادر ئاغا | ملازم اول | ملازمی یەك |
| ٨ | خدر ئەفەندی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٩ | عەبدوڵڵا ئاغا | یوزباشی | دەستەی یەکەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٠ | ئیبراهیم ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەکەم |
| ١١ | محەمەد ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| | محەمەد ئەفەندی | یوزباشی | بەرپرسی سوپای چوارەمی سەد نەفەری |
| ١٢ | حوسێن ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەکەم |
| ١٣ | محەمەد ئەفەندی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٤ | داود ئەفەندی | دیوی ملازمی | ملازمی کۆگا |

(ساڵنامەی موسڵ،١٣١٢ ، ٢٢٨-٢٢٩).

**پاشکۆی (٣)**

خشتەی کەتیبەی سوپای یەکەمی فەوجی ٨٠ی سەربازی شاری کۆیە ،-

| ژمارە | ناو | پلەی سەربازی بە تورکی | پلەی سەربازی بە کوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | منحل (هەڵوەشێنراو) | بێکباشی | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزار سەرباز) دێت |
| ٢ | عەواد سەبری | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت،واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | محەمەد | طابور | فەرماندەی سوپا |
| ٤ | ڕەفعەت | تفنگچی | تفەنگ بەدەست |
| ٥ | مەعروف ئەفەندی | برنجی بلوك یوز باشی | دەستەی یەكەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٦ | عەلی | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ٧ | ئیبراهیم | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٨ | ئەحمەد | ایكنجی بلوك یوزباشی | دەستەی دووەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٩ | محەمەد ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ١٠ | ئەمین | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١١ | جەمیل | اوجنجی بلوك یوزباشی | دەستەی سێیەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٢ | محەمەد عەلی | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ١٣ | تەها | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٤ | محەمەد | دردنجی بلوك یوز باشی | دەستەی چوارەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٥ | ئەحمەد | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ١٦ | عەبدولقادر | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |

(ساڵنامەی موسل،١٣٢٥ ، ١٨٧؛ ئەحمەد،٢٠١٩ ، ١٠٥-١٠٧)

خشتەی كەتیبەی سوپای دووەمی فەوجی ٨٠ی سەربازی شاری كۆیە

| ژمارە | ناو | پلەی سەربازی بە توركی | پلەی سەربازی بە كوردی |
|---|---|---|---|
| ١ | منحل (هەڵوەشێنراو) | بێكباشی | فەرماندە واتە (بەرپرسی ١٠٠٠ هەزار سەرباز) |
| ٢ | عەبدولقادر ئەفەندی | قول اغاسی | بە واتای قۆڵ دێت،واتە یاریدەدەری فەرماندەی سوپا یاخود قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا |
| ٣ | منحل (هەڵوەشێنراو) | طابور كاتبی | نوسەری فەرماندەی سوپا |
| ٤ | صالح ئاغا | تفنگچی | تفەنگ بەدەست |
| ٥ | محەمەد عەلی ئەفەندی | دیوی مأ موری | فەرمانبەری كۆگا (مەخزەن) |
| ٦ | عەبدولڕەحمان | برنجی بلوك یوز باشی | دەستەی یەكەمی سوپای سەد نەفەری |
| ٧ | محەمەد سدقی | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ٨ | مەهدی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ٩ | نەعیم | ایكنجی بلوك یوزباشی | دەستەی دووەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٠ | شاكر ئەفەندی | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ١١ | عبداء عەونی | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٢ | عبدولباقی | اوجنجی بلوك یوزباشی | دەستەی سێیەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٣ | منحل (هەڵوەشێنراو) | ملازم اول | ملازمی دووەم |
| ١٤ | مەحمود ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |
| ١٥ | حارس ئاغا | دردنجی بلوك یوز باشی | دەستەی چوارەمی سوپای سەد نەفەری |
| ١٦ | منحل (هەڵوەشێنراو) | ملازم اول | ملازمی یەكەم |
| ١٧ | ڕەفعەت ئاغا | ملازم ثانی | ملازمی دووەم |

(ساڵنامەی موسڵ،١٣٢٥ ، ١٨٧؛ ئەحمەد،٢٠١٩ ، ١٠٥-١٠٧).

## پەراوێزەكان

[١] . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو شەڕەو چۆنیەتی شكستهێنانی ئەحمەد پاشا بروانە: (مارف،٢٠١٧، ٥٣-٦٦؛ موكریانی، ٢٠٠٧، ١/ ٤٨١-٤٨٣؛ زەكی بەگ،٢٠٠٦، ١١٤-١١٦).

[٢] . ڕەدیفRadif: هێزێكی سەربازی بو بە شێوەی ڕێكخراو لە سەردەمی عوسمانییەكاندا، خزمەتی سەربازی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا بۆ ماوەی چوار ساڵ بو، هەروەها یەدەگیش هەبو دەبووایە دو ساڵ خزمەتی بكردایە، دوای تەواو بونی خزمەتی سەربازی نیزامی تەواو دەبو، لە ساڵی (١٢٥٩ك/١٨٤٤ز)دا جارێكی تر سیستەمی سەربازی ڕێكخرایەوە، كە بریتیبو لە سەربازی نیزامی و نانیزامی، بێگومان خزمەتی ڕەدیف بۆ ماوەی شەش ساڵ بو، لەكاتی شەڕەكان سودیان لێ وەردەگیرا بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (العزاوی، ١٩٥٥، ٧/ ٢٢٥-٢٢٩؛ صابان،٢٠٠٠، ١٢٣).

[٣] . ئاڵا- الای: زاراوەیەكی سەربازییە بە واتای فەوج یاخود لیوا دێت، لە سێ تا چوار تابور پێكدێت، لەڕوی سەربازییەوە هەر ئاڵایەك سەنجەقێكی لەژێر دەستدا بووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ڕەحمان،٢٠١٨، ٦/ ١١).

[٤] . سەربازی نیزامی: ئەو سوپایە بەناوی (قبوقولی) ناسراوە، بارەگا سەرەكییەكەی لە ئەستانە بووە، ئەوهێزە هەندێ كات لە ناوەندی ویلایەتەكان بۆ ماوەیەكی كاتی بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت كراون و لە دۆخی ئاساییشدا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە شوێنێك دەمێننەوە تا هێزێكی تر دێتە شوێنیان، لەكاتی جەنگ و پەلامارە سەربازییەكاندا لەژێر فەرمانی والیدا بون (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١: ٢٥٨).

[٥] . هەیتە- سەربازیی نانیزامی: ئەو جۆرە سوپایە بو، كاتێك عوسمانییەكان هاتن بەرەو ناوچەكە، ژمارەیەك خەڵكی ناوچەكانیان كرد بە سەربازو هیچ جۆرە مەشقێكیان بە خەڵكەكە نەكردبو ، لەكاتی ڕۆیشتن بۆ كردە سەربازیەكان لە پێش خۆیان یاخود لە دەوروبەری خۆیان دایاندەنان، ئەمەش لەبەر ئەوە بو كە ئەوانە شارەزای ناوچەكان بون (حەوێزی،١٩٨٤، ٢/ ١٠٨).

[٦] . بۆ بینینی ناو و پلەی سەربازی بەشێك لە سەربازەكانی ئاڵای ٤٨ی دەوڵەتی عوسمانی سەیری خشتەی ژمارەی (١) بكە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp389-405